گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# گونجاندن و بنچینەی یاسایی بەرپرسیاریەتی شارستانی خاوەن پێشانگەکانی ئۆتۆمبێڵ

## (توێژینەوەیەکی شیکاری بەراوردکاریە)

**پ.ی. د. تحسین حمد سمایل**
بەشی یاسا، فاکەڵتی یاساو زانستەسیاسیەکان و بەڕێوەبردن، زانکۆی سۆران، سۆران، هەرێمی کوردستان ، عیراق .
tahsin.smael@soran.edu.iq
**عبدالله خیری عزیز**
قوتابی ماستەر لە بەشی یاسا، فاکەڵتی یاساو زانستەسیاسیەکان و بەڕێوەبردن، زانکۆی سۆران، سۆران، هەرێمی کوردستان، عیراق
aka850h@law.soran.edu.iq

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٣/١/٤
پەسەندکردن:٢٠٢٣/١/٣١
بڵاو کردنەوە:بەهاری٢٠٢٤

**ووشە سەرەکییەکان:**
*Adaptation, legal basis civil liability, compensation, Mediation*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.9.1.7

## پوختە

پێشانگاکانی ئۆتۆمبێڵ ئەو شوێنانەن کەوا کڕین وفرۆشتنی ئۆتۆمبێڵی تێدا ئەنجام دەدرێت، ئەم کارانەش لەلایەن خاوەن پێشانگا وکارمەندەکانەوە ئەنجام دەدرێن، وەکو وەرگرتنی ئۆتۆمبێڵەکان ونمایشکردنیان وئەنجامدانی نێوەنگیری بەمەبەستی ئەنجامدانی گرێبەستەکانی فرۆشتن، کە ئەمانەش چەند کار وهەڵسوکەوتێکی یاسایی جیاوازن، لەمیانەی ئەنجامدانی ئەم کارو هەڵس وکەوتانەش دا لەهەرقۆناغێك لەم قۆناغاندا زیان بگەیەنن بەرپرسیاردەبن، ئینجا زیانەکە لەڕێگەی هەڵسوکەوتوو کردەوەکانی خۆیان بێت یان بەهۆی هەڵس وکەوتوو کردەوەی کارمەندەکانیان بێت، بۆیە ئامانج لەم توێژینەوەیە دەرخستنی گونجاندنی یاسایی ئەم بەرپرسیاریەتیەیە، لە

---

*توێژینەوەیەکی وەرگیراوە لە ماستەر نامە بەناونیشانی (گونجاندنی یاسایی بەرپرسیاریەتی شارستانی خاوەن پێشانگاکانی ئۆتۆمبیل – توێژینەوەیەکی شیکاری

بەراوردکارییە) (پێش تاوتوێکردنی).

لەڕێگەی گەڕانەوەمان بۆ ڕێساگشتیەکانی بەرپرسیاریەتی لەیاسای شارستانی عیراقی ویاسا بەراوردکاریەکان وەکو یاسای شارستانی میسڕی و یاسای شارستانی ئوردنی، هەروەها لەڕێگەی یاسای دەلالەی عیراقی ویاسای بازرگانی هەردوو وڵاتە بەراوردکاریەکە، وە دیاری کردنی بنچینەی یاسای ئەم بەرپرسیاریەتیە، بۆیە بۆ چوونە ناو ناوەڕۆك وقوڵدیی بابەتەکە توێژینەوەکەمان دابەش کردووە بۆ سەر دوو باس، باسی یەکەممان تایبەت کردووە بۆ دیارکردنی گونجاندنی یاسای بەر پرسیاریەتی خاوەن پێشانگاکان لەهەردوو قۆناغی بەرلەفرۆشتنی ئۆتۆمبێل ولەکاتی فرۆشتنی، وە لەکارو کردەوەی کارمەندەکان، هەروەها لە باسی دووەم هەوڵمان داوە بنچینەی یاسایی ئەم بەرپرسیاریەتیە دیاری بکەین لەهەردوو قۆناغی بەر لەفرۆشتن وە لەکاتی فرۆشتن وە سەبارەت بەکارو کردەوەی کارمەندەکان، لەکۆتایشدا دەرئەنجام و ڕاسپاردەکانمان خستۆتە ڕوو.

## 1- پێشەکی

بەهۆی گرینگی ئۆتۆمبێلەکان وەك پێداویستیەکی گرینگ بۆ جێبەجێکردنی کارەکانی ڕۆژانەی خەڵك وگواستنەوەی مرۆڤو کەلەپەلەکان لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر وەبەهۆی زیاتر بوونی خواست، بازرگانی ئۆتۆمبێلەکان زیاتر پەرەی سەند، وە لەم دوایانەش دا لە عیراق وبەتایبەتی هەرێمی کوردستان بازرگانەکان ئۆتۆمبێلی زیاتریان خستە بازاڕەکانەوە، وەیەکێك لەشوێنە تایبەتەکانی بە بازاڕکردنی ئۆتۆمبێلەکان پێشانگاکانی تایبەت بە کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبێلە، وە لەئێستا دا بەهۆی زۆربوونی ئەو پێشانگایانە وزۆربوونی مامەڵەی کڕین وفرۆشتن لەم پێشانگایانەدا ئەو کێشە وگیروگرفتانەی کەوا لە ئێستادا لە پێشانگاکان ڕوودەدەن زۆرن وهەمە چەشنن، وە پێویستیان بە چارەسەرکردنی یاسایی هەیە، وە بەبەراورد بەساڵانی پێشوتر ڕۆژانە زۆر زیاتر ڕودەدەن و دووبارە دەبنەوە، وە ئاشکرایە لەکاتی ئەنجام دانی مامەڵەکانی کڕین وفرۆشتنی ئۆتۆمبێلەکان، وە لەکاتی ڕاگرتنی ئۆتۆمبێلی فرۆشیاران بەمەبەستی فرۆشتن وە لەکاتی ئەنجام دانی گرێبەستەکانی کڕین وفرۆشتن کەوا لەلایەن پێشانگاکانەوە ئەنجام دەدرێت لەهەموو ئەو بارانەدا خاوەن پێشانگاکان چەند بەرپرسیاریەتێکیان دەکەویتە ئەستۆ، وەیەکێك لەو

بەرپرسیاریەتیانەش بەرپرسیاریەتی شارستانیە کەوا بابەتی توێژینەوەکەی ئێمەیە کەوا مەبەستمانە گونجاندن وبنچینەی یاساییان دیاری بکەین بەشێوەیەکی وورد وتۆکمە.

### 1.1- گرنگی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە باس لە بابەتێکی گرینگ دەکات کە بەر پرسیاریەتی شارستانی خاوەن پێشانگاکانی کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبێڵە، ئەم بابەتەش گرینگیەکەی لەئێستادا زیاتر بەدیدەکرێت بەهۆی زۆربوونی پێشانگەکان و وەزۆربوونی مامەڵەکانی کڕێن و فرۆشتنی ئۆتۆمبێڵ لەم پێشانگایانەدا وەڕودانی کێشەو گرفتی یاسایی هەمەچەشن و دووبارەبوونەوەی، وەبوونی ڕۆڵی خاوەن پێشانگاکان لە هەموو ئەم بارودۆخانەدا، بۆیە ئەم توێژینەوەیە تیشك دەخاتەسەر گونجاندو بنچینەی یاسایی بەرپرسیاریەتی شارستانی خاوەن پێشانگاکان کەئەمەش گرینگیەکی زۆری هەیە لەڕووی قەرەبووکردنەوەی لایەنی زیان بەرکەوتوو، بەڵام سەرەڕای گرینگی ئەم باباتە بەگوێرەی بەدواداچوونەکانمان ئەوەمان بۆدەرکەوتووە کەوا هیچ توێژەرێك لەڕووی ئەکادیمیەوە توێژینەوەی لەسەر ئەم بابەتە ئەنجام نەداوە بەتایبەتی لەڕوانگەی یاسای شارستانی کەئەمەش گرینگیەکەی زیاتر دەردەخات.

### 2.1- کێشەی توێژینەوە

کێشەکانی ئەم توێژینەوەیە هەمەچەشنن، یەکێك لەکێشەکان بریتیە لەدیاریکردنی سروشتی یاسایی بەرپرسیاریەتی شارستانی خاوەن پێشانگاکانی ئۆتۆمبێڵ، ئایا لەو کاتانەی کەوا خاوەنی ئۆتۆمبێڵەکان لە پێشانگاکان ڕادەگرن بۆ فرۆشتن زیانی پێگەیشت بەر لەئەنجام دانی گرێبەستی فرۆشتن ئەوا لەم حالەتەدا بەرپرسیاریەتی خاوەن پێشانگاکان کەمتەرخەمیە یاخود گرێبەستی ؟ وەهەروەها لەکاتی ئەنجام دانی خودی گرێبەستی فرۆشتنەکە خاوەن پێشانگا بەرپرسیاریەتی شارستانی دەکەوێتە ئەستۆ، وەلەم حالەتەدا بەرپرسیاریەتیەکە کەمتەرخەمیە یاخود گرێبەستی؟
کێشەیەکی تری ئەم توێژینەوەیە دیاریکردنی بنچینەی بەرپرسیاریەتی خاوەن پێشانگاکانە، ئایا خاوەن پێشانگا لەسەر چ بنچینەیەك بەرپرسە، لەسەر بنچینەی زیان یا هەڵەی کەسی (الخطأ الشخصي)؟ وە ئەگەر بەهەڵەی کەسانی ترەوە بێت وەکو ئەو کارمەندانەی کەوا لە پێشانگا کار

دەکەن لەلای خاوەن پێشانگا ئایا لەو حالەتەدا چارەنووسی بەرپرسیاریەتی خاوەن پێشانگا چی بەسەر دێت؟

کێشەیەکی تری ئەم توێژینەوە بریتیە لەکەموکوڕی لەیاساکان ودەقە یاسایەکان بەتایبەتی لەیاسای عیراقی هیچ دەقێکی تایبەت نیە کەوا بڕیار لەبارەی بەرپرسیاریەتی شارستانی خاوەن پێشانگاکان بدات یاخود بەرپرسیاریەتیەکەیان دیاری بکات لەکاتی پێشێلکردنی پابەندیەکانیان بەتایبەتی، کە ئەمەش کارە ڕاستەکەیە، چونکە ڕێسا یاساییەکانی یاسای شارستانی گشتین، بۆیە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ڕێسا گشتیەکانی بەرپرسیاریەتی، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەم ڕێسا گشتیانە ڕووماڵی چارەسەری ئەو کێشانە دەکەن؟

### 3.1- میتۆدی توێژینەوە

لەم توێژینەوەیەدا چەند میتۆدێکی جیاواز بەکارهێندراوە .

1- میتۆدی شیکاری بەکارهێندراوە بۆ شیکردنەوەی دەقە یاساییەکان وڕاوبۆچوونی یاسازانان وگفتوگۆکردنیان بۆ دەستکەوتنی حوکمی یاسایی گونجاو سەبارەت بەبابەتی توێژینەوە.
2- میتۆدی بەراوردکاری، بەمەبەستی بەراوردکرنی دەقەیاساییەکانی یاسای شارستانی، وە یاسای دەلالەی عیراقی بەیاساکانی تر وەکو یاسای شارستانی میسری و ئوردنی، ویاسا بازرگانیەکان لەکاتی پێویست.

### 4.1- سنورداریەتی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە باس لەگونجاندنی یاسایی بەرپرسیاریەتی شارستانی خاوەن پێشانگاکانی ئۆتۆمبێل دەکات لەکاتی ڕاگرتنی ئۆتۆمبێلی فرۆشیاران بەمەبەستی فرۆشتن، وەلەکاتی ئەنجام دانی خودی گرێبەستی فرۆشتن، وە هەروەها سەبارەت بەکاروکردەوەی کارمەندەکانی پێشانگا وە باس لەبنچینەی یاسایی ئەم بەرپرسیاریەتیە دەکات.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**1 .5- پلانی توێژینەوە**

باسکردنی گونجاندن و بنچینەی بەرپرسیاریەتی شارستانی خاوەن پێشانگاکانی ئۆتۆمبێل خۆی لەم پلانە بنەماییەدا دەبینێتەوە:

1- پێشەکی
2- گونجاندنی یاسایی بەرپرسیاریەتی شارستانی خاوەن پێشانگاکانی ئۆتۆمبێل
3- بنچینەی بەرپرسیاریەتی شارستانی خاوەن پێشانگاکانی ئۆتۆمبێل
4- کۆتایی

## 2.گونجاندنی یاسایی بەرپرسیاریەتی شارستانی خاوەن پێشانگاکانی ئۆتۆمبێل.

بەرپرسیاریەتی بەشێوەیەکی گشتی، بارودۆخی کەسێکە کە کارێکی ئەنجامداوە کەوا پێویستە لەسەر ئەم کارەی لێپێچینەوەی لەگەڵ بکرێت، (فائق، 2017، لا 7)، وە بەرپرسیاریەتی یاسایی ئەوەیە کەوا سزای یاسایی لێدەکەوێتەوە، وەئەو بارودۆخەیە کەوا کەسێك پێشێلی ڕێسایەك لەڕێسایەکانی یاسا دەکات بە ئەنجامدانی کارێك کەوا زیان بەکەسێکی تر بگەیەنێت، (العرعاري، 2011، لا 9-10) وەبەرپرسیاریەتی یاسایی دوو جۆری هەیە، بەرپرسیاریەتی تاوانکاری وە بەرپرسیاریەتی شارستانی، وەبەرپرسیاریەتی تاوانکاری ئەو کاتە بەدیدەکرێت کەوا کەسێك کارێك ئەنجام دەدات کەوا یاسا بەتاوانی داناوە، وە لەسەر ئەو تاوانەی سزادەدرێت، وەبەرپرسیاریەتی شارستانی درووست دەبێت لە دەرئەنجامی پێشێلکردنی ئەو پابەندیەی کەوا لەئەستۆی کەسێکە وەلە دەرئەنجانی ئەو پێشێلکردنە زیان بەکەسێکیتر دەگات، وەئەو کەسە بەرپرسیاردەبێت بەرامبەر کەسە زیان بەرکەوتووەکە، وەلەسەریەتی قەرەبووی بکاتەوە لەبەرامبەر ئەو زیانەی کەوا پێی گەیاندووە، وەبەر پرسیاریەتی شارستانی دابەش دەکرێت بۆ دوو جۆر، بەرپرسیاریەتی گرێبەستی وەبەرپرسیاریەتی کەمتەرخەمی (محفوظ، بێ ساڵی چاپ، لا 4-5) بەرپرسیاریەتی گرێبەستی سزایەکە لەدەرئەنجامی پێشێلکردنی جێبەجێکردنی پابەندیەکی درووست بوو لەگرێبەستدا ڕوودەدات (سوليم، 2009، لا 100)بەڵام بەرپرسیاریەتی کەمتەرخەمی سزایەکە لەدەرئەنجامی پێشێلکردنی پابەندیەکی یاسایی کەوا پابەندبوونە بەزیان نەگەیاندن بەکەسانی تر ڕوودەدات، (عبدالله الدباغ، 2020، لا 364) پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئایا بەرپرسیاریەتی خاوەن پێشانگا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کەمتەرخەمیە یاخود گرێبەستی؟ بۆ وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارە پێویستە ئەم باسەمان دابەش بکەین بۆ سەر سێ تەوەر: لەسەرەتادا ولەتەوەری یەکەم گونجاندنی یاسای بۆبەرپرسیاریەتی شارستانی خاوەن پێشانگاکان بکەین بەرلەئەنجامدانی گرێبەستەکانی فرۆشتن، هەروەها دواتر لەتەوەری دووەم گونجاندنی یاسای بۆ بەرپرسیاریەتی شارستانی خاوەن پێشانگاکان بکەین لەکاتی ئەنجامدانی گرێبەستەکانی فرۆشتن، هەروەها دواتر لەتەوەری سێیەم گونجاندنی یاسایی بۆبەرپرسیاریەتی شارستانی خاوەن پێشانگاکان بکەین سەبارەت بەکردار وهەڵس وکەوتی ئەو کارمەندانەی کەوا کاریان لەگەڵ دەکەن.

## 1.2 گونجاندنی یاسایی بەرپرسیاریەتی شارستانی خاوەن پێشانگاکان بەر لەئەنجامدانی گرێبەستەکانی فرۆشتن.

قۆناغی بەر لەئەنجامدانی گرێبەستەکانی فرۆشتن قۆناغی ڕادەستکردنی ئۆتۆمبێلەکانە بە لایەنی پێشانگە لەلایەن خاوەنەکانیانەوە، وە لەم قۆناغەدا خاوەنی پێشانگا پابەندە بە پاراستنی ئۆتۆمبێلەکان، وە لەبەرامبەریشدا هیچ برێك وەرناگرێت لەبری پاراستنی ئۆتۆمبێلەکان، پێمان وایە بەپشت بەستن بەیاسای شارستانی عیراقی ژمارە (40)ی ساڵی (1951) دەتوانین بڵێین خاوەن پێشانگە لەم قۆناغەدا پێسپێردراوە (المودع لدیه) ئەمەش لەڕێگەی گەڕنەوەمان بۆ مادەی (951) کەوا بەم شێوەیەپێناسەی گرێبەستی سپاردنی کردووە (سپاردن گرێبەستێکە خاوەن یان ئەوەی کەوا لەجێگەیەتی پاراستنیماڵەکەی دەگوازێتەوە بۆ کەسێکی تر وە تەنها بەوەرگرتن دەکرێت) لێرەدا ڕوونە کەوا مەبەست لەگرێبەستی سپاردن پاراستنی ماڵەکەیە، خاوەن پێشانگاش بەهەمان شێوە پابەندە بەپاراستنی ئۆتۆمبێلەکان، وە لەبەرامبەردا بەگوێرەی هەردوو یاسای شارستانی میسری وئوردنیش مەبەستی سەرەکی لەگرێبەستی سپاردن پاراستنی ماڵەکەیە، لەیاسای شارستانی میسری ژمارە (131)ی ساڵی (1948) لە مادەی (718) بەم شێوەیە ئاماژەی پێکردووە (سپاردن گرێبەستێکە کەبە هۆیەوە کەسێك شتێك وەردەگرێت لەکەسێکی تر، بەمەرجێك ئەرکی پاراستنی بگرێتە ئەستۆ، وە بیگەڕێنێتەوە وەکو خۆی)، هەروەها لەبڕگەی دووەم لەمادەی (868)ی یاسای شارستانی ئوردنی ژمارە ( 43)ی ساڵی (1976) بەم شێوەیە ئاماژەی پێکردووە (سپاردن گرێبەستێکە، کەخاوەن ڕێگە دەدات بەکەسێکی تر کەوا ماڵەکەی بپارێزێت، وە ئەوکەسە پابەندە بە

پاراستنی ئەو ماڵە وە هەمان شتیش بگەڕێنێتەوە) واتا بەگوێرەی یاسا بەراوردکاریەکانیش مەبەستی سەرەکی لەگرێبەستی سپاردن پاراستنی ماڵەکەیە، هەروەها بەشێوەیەکی بنەڕەتی گرێبەستی سپاردن بێ بەرامبەرە، بەڵام ئەوەی کەوا جیاوازی هەیە لەنێوان یاساکاندا پێوەری پارێزگاری کردنی ماڵە سپێردراوەکەیە، بەگوێرەی یاسای شارستانی عیراقی پێوەری پارێزگاری کردنەکە پێوەری کەسیە، (سعید، بێ ساڵی چاپ، لا 35)هەروەها یاسای میسری بەهەمان پێوەری وەرگرتووە، واتا خودی ئەو کەسە پێوەرە کەوا ماڵەکەی لادانداوە، ئەمە لەبارێکدا ئەگەر سپاردن بێ بەرامبەر بوو، وەئەگەر بەبەرامبەر بوو ئەوە پێوەرەکە بابەتیە کە ئەویش پێوەری کەسی ئاساییە، (السنهوری ، 2000، لا 704-705) بەڵام بەگوێرەی یاسای ئوردنی ئەگەر سپاردن بەبەرامبەر بێت یاخود بێ بەرامبەر لە هەردوو بارەکەدا پێوەرەکە بابەتیە کە ئەویش پێوەری کەسی ئاساییە (مدغش و دحمان، 2004، لا 485)

کەواتە بەرپرسیاریەتی خاوەن پێشانگاکانیش لەقۆناغی بەر لەئەنجام دانی گرێبەستەکانی فرۆشتن لە زۆربەی حالەتەکان دا بەر پرسیاریەتیەکەیان گرێبەستیە، لەبەر ئەوەی خاوەن پێشانگاکان پابەندن بەپاراستنی ئۆتۆمبێلەکان لەسەر بنچینەی ئەو گرێبەستەی کەوا لەنێوانیان وخاوەن ئۆتۆمبێلەکان دا هەیە، (عامر و عامر، 1979، لا 101) واتا ئەگەر خاوەن پێشانگا کەمتەرخەمی کرد لەجێبەجێکردنی ئەو پابەندیەی کەوا دەکەوێتە ئەستۆی، وە لەدەرئەنجامی ئەم کەمتەرخەمیەش بووە هۆکارێك بۆ ئەوەی زیان بەخاوەن ئۆتۆمبێلەکان بگات ئەوە لەو حالەتەدا بەرپرسیارەتی شارستانی دەکەوێتە ئەستۆ، وە بەرپرسیاریەتیەکەشی گرێبەستیە بەرامبەر خاوەنە کانیان، ئەمەش پاڵپشت بەمادەی (168)ی یاسای شارستانی عیراقی کەوا مادەکە بەم شێوەیە هاتووە (ئەگەر مەحاڵ بوو بۆ ئەو کەسەی پابەندە بەگرێبەست کە پابەند بوونەکە وەك خۆی جێبەجێ بکات حوکمی بەسەر دادەدرێت بە قەرەبووکردنەوە بەهۆی بەجێنەهێنانی پابەندیەکەی ئەگەر نەیسەلمێنێت مەحاڵی جێبەجێکردنی پابەندیەکە بەهۆکارێکی دەرەکی درووست بووە دەستی ئەوی تێدا نەبووە، هەروەها حوکم دەبێت ئەگەر پابەند بوو جێبەجێکردنی پابەندبوونەکەی دواخست)، هەروەها لەبەرامبەر دا لەیاسای شارستانی میسری لە مادەی (215) بەم شێوەیە هاتووە ( ئەگەر مەحاڵ بوو لەسەر قەرزدار کە پابەندیەکە وەکو خۆی جێبەجێ بکات حوکمی لەسەر دەدرێت بەقەرەبووکردنەوە بەهۆی جێبەجێنەکردنی پابەندیەکەی ئەگەر ئەوە نەسەلەمێندرێت

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مەحاڵی جێبەجێکردن بەهۆی هۆکاری بیانی درووست بووە دەستی ئەوی تێدانەبووە، هەروەها حوکم دەدرێت ئەگەر جێبەجێکردنی پابەندیەکەی دواخست)، هەروەها لە مادەی (360)ـی یاسای شارستانی ئوردنی بەم شیوەیە هاتووە (ئەگەر جێبەجێکردنی عەینی ئەنجام درا یان قەرزدار پێداگری لەسەر ڕەتکردنەوەی جێبەجێکردنەکە کرد، دادگا بڕی ئەوگەرەنتیە دیاری دەکات کە قەرزدار پێوە پابەند دەبێت، بەلەبەر چاوگرتنی ئەو زیانەی کەوا بەسەر خاوەن قەرزداهاتووە و وەئەو خۆڕاگریەی لەلایەن قەرزدارەوە بەدیکراوە)، کەواتە بەگوێرەی یاسای عیراقی و یاسا بەراوردکاریەکان هەرکاتێك خاوەن پێشانگە کەمتەرخەمی کرد وە پابەندیەکانی بەتەواوی جێبەجێنەکرد وە دەرئەنجامی ئەمەش زیان بەخاوەنی ئۆتۆمبێلەکان گەیشت ئەوە خاوەن پێشانگە بەر پرسیاردەبێت وەبەر پرسیاریەتیەکەی گرێبەستیە، بۆ نموونە لەحالەتەکانی سووتانی ئۆتۆمبێلەکان بەهۆی کەمتەرخەمی خاوەن پێشانگا یاخود لە حالەتی دزین یاخود لەحالەتی بەریەك کەوتن لەگەڵ ئۆتۆمبێلەکانی تر، ئەوا بەرپرسیاریەتی خاوەن پێشانگە گرێبەستیە بەرامبەر بەخاوەنی ئۆتۆمبێلەکان، تەنانەت لەحالەتی بەریەك کەوتن لەگەڵ ئۆتۆمبێلەکانی تری پێشانگا ئەوە خاوەن پێشانگا بەرامبەر خاوەنی ئۆتۆمبێلەکانی تریش بەرپرسیاریەتیەکەی گرێبەستیە، چونکە پابەندە بەپاراستنی هەموو ئۆتۆمبێلەکان کەوا لە گۆڕەپانی پێشانگا ڕاگیراون، وەگرێبەست لە نێوانیان خاوەنەکانیان وخاوەن پێشانگا دا هەیە، ئەمەش پاڵپشت بەهەمان ئەومادانەی کەوا ئاماژەمان پێکرد، بەڵام ئەگەر هاتوو زیانی بەکەسانی تر گەیاند وەکو سەردانیکارانی پێشانگا جا زیانی ماڵی بێت یاخود جەستەیی ئەوا لەو حالەتانەدا بەر پرسیاریەتیەکەی کەمتەرخەمی وگرێبەستیە، بەرامبەر خاوەنی ئۆتۆمبێلەکان گرێبەستیە ئەگەر زیان بەر ئۆتۆمبیلەکان کەوتبوو، وەبەرامبەر سەردانی کەرانی پێشانگا کەمتەرخەمیە، یاخود ئەگەر هاتوو زیانی بەدەوروبەری بگەیەنێت وەکو لەحالەتی سوتانی ئۆتۆمبێل و ئاگر کەوتنەوە بەهۆی کەمتەرخەمی خاوەن پێشانگا زیان بە پێشانگاکانی دەوروبەری بگەینێت ئەوا لەو حالەتەشدا بەر پرسیاریەتیەکەی کەمتەرخەمیە بەرامبەر خاوەن پێشانگاکانی تر لەبەر ئەوەی پێشێلی پابەندی یاسایی کردووە کەوا نابێت زیان بەکەسانی تر بگەیەنێت، ئینجا زیانەکە واتایی بێت یاخود مادی (پاڵپشت بە مادەکانی 202 وە 204، وە 205 یاسای شارستانی عیراقی ، 1951) هەروەها بەرپرسیاریەتیەکەی گرێبەستیە بەرامبەر بە خاوەنی ئەو ئۆتۆمبێلانەی کەوا لەگۆڕەپانی پێشانگا ڕاگیراون.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 2.2 گونجاندنی یاسایی بەرپرسیاریەتی شارستانی خاوەن پێشانگەکان لەکاتی ئەنجامدانی گرێبەستەکانی فرۆشتن.

لەدوای قۆناغی وەرگرتنی ئۆتۆمبێلەکان قۆناغێکی تر دەست پێدەکات تاوەکو ئەنجامدانی گرێبەستەکانی کڕین وفرۆشتن، لەم قۆناغەدا خاوەن پێشانگا دەڵاڵ و نێوەنگیرە، کاردەکات بۆ لەیەکترنزیککردنەوەی لایەنەکان بەمەبەستی ئەنجامدانی گرێبەستەکانی کڕین و فرۆشتن، ئەمەش بەپشت بەستن بە یاسای دەلالەی عیراقی ژمارە (58) ی ساڵی (1987) کەوا لەمادەی یەکەمی ئەو یاسایە بەم شێوەیە پێناسەی دەڵالی کردووە: (کارێکە دەبێتە هۆی ئاسانکردنی ئەنجام دانی گرێبەستێك لەگرێبەستەکان بەرامبەر کرێ)، خاوەن پێشانگاش بەهەمان شێوە کاردەکات بۆ لەیەکتر نزیککردنەوەی لایەنەکان بەمەبەستی ئەنجامدانی گرێبەستەکانی فرۆشتن، وە لەبەرامبەریشدا کرێیەك وەردەگرێ، کەواتە هەموو پابەندیەکانی دەڵاڵی دەکەوێتە ئەستۆ، لەبەرامبەر ئەم پێناسەیەش دا لەیاسای بازرگانی میسری وئوردنی بەهەمان شێوەیە ئاماژەی پێکردووە، لەیاسای بازرگانی میسڕی ژمارە (17)ـی ساڵی (1999) لەمادەی (192) بەم شێوەیە پێناسەی کردووە (سەمسەرە گرێبەستێکە بەگوێرەی ئەم گرێبەستە سەمسار بەڵێن دەدات بەکەسێك بەگەڕان بەدوای لایەنی دووەم بۆ ئانجامدانی گریبەستێکی دیاریکراو وەنێوەنگیری دەکات بۆ ئەنجامدانی)، هەروەها لەیاسای بازرگانی ئوردنی ژمارە(12)ی ساڵی (1996) لەمادەی (99) بڕگەی یەکەم، بەم شێوەیە پێناسەی کردووە: (سەمسەرە گرێبەستێکە کە تیمێك پێی پابەند دەبێت، سەمسار بانگەشەی ئەوە دەکات کەوا لایەنی بەرامبەر ڕێنمایی دەکات بۆ دەرفەتی ئەنجامدانی ڕێککەوتنی گرێبەستێك یاخود نێوەنگیربێت بۆی لە دانوستانەکانی گرێبەستەکە دا، لەبەرامبەرکرێ) ئەوەی جیاوازە لەنێوان یاسای عیراقی و بەراوردکاریەکان یاسای دەلالەی عیراقی چەمکی دەڵالی بەکارهێناوە بەڵام یاسا بەراوردکاریەکان چەمەکی سەمساریان بەکارهێناوە، بەڵام لەڕووی مەبەستەوە یەك مەبەستیان هەیە.

کەواتە ئەگەر هاتوو خاوەن پێشانگا ئەو پابەندیانەی کەوا دەکەوێتە ئەستۆی وەکو دەڵاڵ ونێوەنگیر لەم قۆناغەدا بەتەواوی جێبەجێ نەکرد یاخود کەموکۆڕی هەبوو لەجێبەجێکردنی لەدەرئەنجامی ئەوەش زیان بەلایەنەکان یاخود یەکێك لەلایەنەکان کەوت ئەوە خاوەن پێشانگا بەرپرسیارە وبەرامبەر لایەنەکان یاخود ئەو لایەنەی کەوا زیانی بەرکەوتووە وە بەرپرسیاریەتیەکەشی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گرێبەستییە (سامي، 2002، لا 319) چونکە پێشێلی پابەندیەکانی گرێبەستی کردووە، وەکو کەمتەرخەمی کردن لەپێدانی زانیاری دەربارەی ئۆتۆمبێلەکان وئەو کەموکوڕی وکێشانەی کەوا هەیەتی، هەروەها زانیاری دەربارەی لایەنەکانی گرێبەستی کڕین وفرۆشتن وەکو ڕانەگەیاندنی شیاوی یاسایی لایەنەکان ئەگەر هاتوو یەکێك لەلایەنەکان شیاوی ئەنجامدانی ئەو هەڵسوکەوتە یاساییەی نەبوو وەکو ناشیاوی بەهۆی تەمەن، یاخود لەڕووی داراییەوە دەیزانی ئەو کەسە توانای ئەنجامدانی مامەڵەکەی نیە، وەکو ئەوەی کەوا کڕیار مایەپوچ بێت، یاخود زانیاری دەربارەی ئۆتۆمبێلە کێشە لەسەرەکان خاوەن پێشانگا بەکێشەکەی زانی وڕای نەگەیاند، هەروەها زانیاری دەربارەی نرخی بازاڕ هەر وەها پاراستنی پەڕاو و بەڵگەنامەکان، لە هەموو ئەو بارودۆخانەدا خاوەن پێشانگا بەرپرسیارەو، بەرپرسیاریەتیەکەی گرێبەستیە . (غصن، 2014، لا 174).

لێرەدا پرسیارێك ڕووبەڕومان دەبێتەوە ئایا ئەگەر هاتوو خاوەن پێشانگا پەنای بۆ گزی کردن (غش) برد بەمەبەستی زیان گەیاندن بەلایەنەکان یاخود بە یەکێك لەلایەنەکانی گرێبەستی فرۆشتن، وە پێش خستنی بەرژەوەندی خۆی لەکاتێکدا زیان گەیاندن بەکەسانی تر بەگوێرەی یاسا ڕێگری لێکراوە، لەهامان کاتیشدا گرێبەست بوونی هەیە لەنێوان خاوەن پێشانگا ولایەنەکان، ئایا لەو حالەتەدا کەسی زیان بەرکەوتوو دەتوانێت داوای مافی خۆی بکات لەسەر بنچینەی بەرپرسیاریەتی کەمتەرخەمی یاخود گرێبەستی ؟ یاخود دەتوانێت هەڵبژاردن بکات لەنێوانیان دا؟

بەگوێرەی ڕای پەسەند وزۆرینەی یاسا زانان ناکرێت هەڵبژاردن بکرێت لەنێوان بەرپرسیاریەتی کەمتەرخەمی وبەرپرسیاریەتی گرێبەستی، لەبەر ئەوەی هەریەکەیان ناوەڕۆکێکی تایبەتی هەیە، بەرپرسیاریەتی گرێبەستی حوکمی ئەو کەسانە دەکات کەوا پەیوەندی یاسایی نێوانیان لەسەر بنچینەی ئەو گرێبەستەیە کەوا لەنیوانیان دا هەیە، (العرعاري، 2011، لا 24) بەڵام لە بەرپرسیاریەتی کەمتەرخەمی ئەو پەیوەندیە گرێبەستیە بەدی ناکرێت، وە لەپەیوەندی گرێبەستی هیچ حالەتێك جیاناکرێتەوە تەنها ئەگەر هاتوو پێشێلکردنی پابەندیەکە تاوانێك بێت بەگوێرەی یاسای تاوانکاری، یاخود پێشێلکردنی ئەو پابەندیە بگەڕێتەوە بۆ گزی (غش) قەرزدار یاخود هەڵەیەکی گەورە (الخطأ الجسيم)، لەهەر یەکێك لەو حالەتانەدا دەکرێت کەسی زیان بەرکەوتوو ئەوە هەڵبژێرێت کەوا پشت بە بەرپرسیاریەتی کەمتەرخەمی ببەستێت، لەبەر ئەوەی کەسی بەرپرس لەوحالەتەدا بازنەی بەرپرسیاریەتی گرێبەستی بڕیوە، بۆیە بەبوونی هەریەکێك لەو حالەتە

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جیاکراوانە کەسی زیان بەرکەوتوو دەتوانێت پشت بەستێت بە بەرپرسیاریەتی کەمتەرخەمی، بەڵام ئەوەی لەسەر ناسەپێندرێت ئەگەر هاتوو لە بەرژەوەندی دابێت کەوا پشت بە بەرپرسیاریەتی گرێبەستی ببەستێت، (الدناصوری و الشواربي، 2004، ل 24) وە لە بریارێکدا دادگای پێداچوونەوەی فیدراڵی دەقی کردوە کەوا ( قەرەبووکردنەوە لەبەرپرسیاریەتی گرێبەستی بێت یاخود کەمتەرخەمی پێویستە ڕەگەزی پێشێڵکردن لەخۆ بگرێت، گرێبەستکار لەبەرپرسیاریەتی گرێبەستی پێشێڵی پابەندی بکات وە هەڵە لەبەرپرسیاریەتی کەمتەرخەمی ، بۆیە پێویست بوو لەسەرەتادا دادگە رێنمایی داواکارانی بکردبا کەوا ئایا داواکاریەکەیان لەسەر بنەمای بەرپرسیاریەتی گرێبەستیە یاخود بەرپرسیاریەتی کەمتەرخەمی، پاشان لەژێر ڕۆشنایی ئەمە لێکۆڵینەوەی کردبا تاچ رادەیەك بەرپرسیاریەتی کەسی سێیەم بەدیهاتووە بۆ قەرەبووکردنەوە، ئینجا بە سەلماندنی پێشێڵکردنی جێبەجێکردنی پابەندیە گرێبەستیەکان بێت (ئەم پابەندیانەوە سەرچاوەیان چین وە پێشێڵکاریەکە چین)، یان لەلایەن ئەوەوە هەڵەیەك کەدەبێتە هۆی پێویست بوونی بەرپرسیاریەتی کەمتەرخەمی (ئەم هەڵەیە چیە)، وە بوونی پەیوەندی هۆکاری، لەبەر ئەوەی دادگای تێهەڵچونەوە کەسی سێیەمی بە پێشێلکاری پابەندیەکانی داناوە بەبێ پشت ڕاستکردنەوەی ئەوەی کەوا ئاماژەمان پێکرد، وەبەبێ ئەوەی بچێتە ناو ئەم بەرگریانەی کەوا ئەم کەسە پێشکەشی کردووە وە بیان سەلمێنیت، وەداواکارەکان ڕابسپێرێت بۆ سەلماندنی پێشێڵکردنی پابەندیەکانی یان هەڵەکەی بەگوێرەی دۆخەکە، بەمەش پێشێڵی ڕاستی ودروستی حوکمە پێداچوو بۆ کراوەکەی کردووە بۆیە بڕیاری هەڵوەشاندنەوە درا) (بڕیاری ژمارە 613، دەرچووە لە 2008/4/7 ) وە ئەگەر بگەرێینەوە بۆ بڕیارەکانی دادگای میسری ئەو لە زۆربەی بڕیارەکانی دادگای هەڵوەشانەوەی (نقض)ی میسری بەم شێوەیە هاتووە، لێردا بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە یەکێك لەبڕیارەکانی دادگای هەڵوەشانەوەی میسری دەخەینە ڕوو، کەوا بەم شێوەیە هاتووە: (یاسادانەر بەپرسیاریەتی گرێبەستی وبەرپرسیاریەتی کەمتەرخەمی تایبەت کردووە بە حوکمی سەربەخۆ وە جیاوازن لەیەکتری، وە ئەو زیانەی کەوا بەر یەکێك لەلایەنە گرێبەستکارەکان کەوتووە ڕوویداوە بەهۆی پێشێڵکردنی گرێبەستکارەکەی تر بەگرێبەست، وەدەبێت بە حوکمەکانی گرێبەست وەربگیردرێت وە ئەوەشی کەوا یاسا بڕیاری لەبارەیەوە داوە، لەبەر ئەوەی ئەو حوکمانە ودیاری کردنیان هەموو پەیوەندیەکی درووست بوو لەگرێبەست ڕێکدەخەن، ئینجا لەکاتی جێبەجێکردن بەڕاست و درووستی بێت یاخود لەکاتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێشێڵکردنی جێبەجێکردن، وە ناکرێت بە حوکمەکانی بەر پرسیاریەتی کەمتەرخەمی وەربگیردرێت کەوا پەیوەندی بەکەسی زیان بەرکەوتووەوە نیە، وە لەدەرئەنجامی وەرگرتن بەحوکمەکانی بەرپرسیاریەتی کەمتەرخەمی لەجێگای بەر پرسیاریەتی گرێبەستی پشت گوێ خستنی دەقی ئەو گرێبەستەیە بەهۆی جێبەجێنەکردنی بە پێشەلکردنی ئەو هێزە پابەندکەرەی کەوا هەیەتی، وەلەبەر ئەوەی ئەوە جێگیر نەبووە لەدژی یەکێك لەگرێبەست کارەکان کەوا ئەو کارەی ئەنجام دراوە کە بۆتە هۆکارێك بۆ زیان گەیاند بەلایەنەکەی تر کەوا کارێکی تاوانکاری بێت (جريمة)، یاخود گزی بێت (غش) یاخود هەڵەیەکی گەورە بێت (الخطأ الجسيم) کەوا ئەمانە دەبێتە هۆی هاتنە دی بەرپرسیاریەتی کەمتەرخەمی لەسەر بنچینەی پێشێڵکردنی پابەندیەکی یاسایی کەوا شێوەی ئەم کارانە قەدەغە کراوە لە هەموو حالەتێکدا، جا گرێبەستکار بێت یاخود نا) (بڕیاری دادگای هەڵوەشانەوەی میسڕی، دەرچووە لە 1981/4/29/ وەرگیراوە لە الدناصوري و الشواربي ، لا 29)

## 3 .2 گونجاندنی یاسایی بەرپرسیاریەتی شارستانی خاوەن پێشانگاکان سەبارەت بە هەڵسوکەوت وکارەکانی کارمەندەکانیان.

خاوەن پێشانگاکان بەتەنها بەرپرسیاریەتی ئەو زیانانەیان ناکەوێتە ئەستۆ کەوا بەهۆی هەڵسوکەوت وکردارەکانی خۆیانەوە درووست دەبێت، بەڵکو لەپاڵ ئەوەشدا بەرپرسیاریەتی ئەو زیانانەش لەئەستۆ دەگرن کەوا بەهۆی کردەوە وهەڵسوکەوتی کارمەندەکان درووست دەبێت لەکاتی ئەنجام دانی کارو چالاکیەکانی پێشانگا، پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئایا خاوەن پێشانگاکان پەرپرسیاریەتیەکەیان گرێبەستی یە یاخود کەمتەرخەمی بەرامبەر ئەو کەسانەی کەوا زیانیان بەر دەکەوێت لەئەنجامی کردەوە وهەڵسوکەوتی کارمەندەکان؟

گومان لەوەدانیە بەرپرسیاریەتی شارستانی وەکو ڕێسایەکی گشتی بەرپرسیار بوونە لەکردەوە کەسیەکان، وەهیچ کەسێك دەرئەنجامی کردەوەی کەسانی تر لەئەستۆ ناگرێت، ئینجا بەر بەرپرسیاریەتیەکە کەمتەرخەمی بێت یاخود گرێبەستی، بەڵام سەبارەت بە بەرپرسیاریەتی کەمتەرخەمی یاسادانەر لە دوو حالەتدا لەو ڕێسایە گشتیە دەرچووە وەکو حالەتی جیاکراوە، یەکەمیان بەرپرسیاریەتی سەرپەرشتیاری ئەو کەسانەی کەوا پێویستیان بەچاودێری هەیە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەکارو کردەوەکانیان، هەروەها بەر پرسیاریەتی شوێنکەوتراو لەکارەکانی شوێنکەوتەکەی (مسؤولية المتبوع عن اعمال تابعه). (حاتم، 2018، لا أ)

سەبارەت بە بەرپرسیاریەتی ئەو کەسانەی کەوا پێویستیان بە چاودێری و سەرپەرشتی هەیە ئەوە بە دیناکرێت لە نێوان پەیوەندی نێوان خاوەن پێشانگاو کارمەندەکان، بەڵام سەبارەت بە بەرپرسیاریەتی شوێنکەوتراو لەکارەکانی شوێنکەوتە (مسؤولية المتبوع عن اعمال تابعه) ئەوە پێویستە لەسەرەتادا بیخەینە ڕوو بۆ ئەوەی بۆمان ڕوون بێتەوە کەوا پیادە دەبێت لەسەر پەیوەندی نێوان خاوەن پێشانگاو کارمەندەکان یاخودنا.

سەبارەت بە بەرپرسیاریەتی شوێن کەوتراو لەکارەکانی شوێن کەوتە مادەی (219)ـی یاسای شارستانی عیراقی بەم شیوەیە ئاماژەی پێکردووە:( حکومەت وشارەوانیەکان ودامەزراوەکانی تر کە خزمەتی گشتی دەکەن، وەهەرکەسێك یەکێك لە دامەزراوە پیشەسازیەکان یان بازرگانیەکان بەکاربهێنێت بەر پرسە لەو زیانەی کەوا بەکارهێنەرەکانی دەیدەن، ئەگەر زیانەکە بەهۆی هەڵەی ئەوان لەکاتی خزمەتەکەیان درووست بوو)، مەبەست لە شوێن کەوتراو بەگوێرەی ئەم دەقە بریتیە لە حکومەت وشارەوانیەکان ودامەزراوەکانی تر کە خزمەتی گشتی دەکەن (الحکیم، 1977، لا 350-351)، وە هەرکەسێك دامەزراوە پیشەسازیەکان یان بازرگانیەکان بەکاربهێنێت، لێرەدا یاسا دانەری عیراقی بە چوارچێوەیەکی تەسك وەری گرتووە چەند شوێنێکی دیاری کردووە کەوا بەگوێرەی ئەم دەقە تەنها لەم شوێنانەدا ئەم بەرپرسیاریەتیە درووست دەبێت، بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ یاسای شارستانی میسری ئەوا دەبینین کەوا بەشێوەیەکی گشتی هاتووە کەوا هەموو شوێن کەوتەو شوێن کەوتراوێك دەگرێتەوە. وە لەمادەی (174) بڕگەی (1) بەم شێوەیە ئاماژەی پێکردووە (شوێن کەوتراو بەرپرسیارە لەو زیانەی کەوا شوێن کەوتەکەی دروستی دەکات بەکارە ناڕەوایەکەی هەرکاتێك دروست بوو لەحالەتی جێبەجێکردنی کارەکەی یان بەهۆکاری) (المیاحي، 2021، لا 350-351)، وە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ یاسای شارستانی ئوردنی ئەوە دەبینین کەوا بەهەمان شێوە بەشێوەیەگی گشتی هاتووە، بەڵام بەتێکەڵی هاتووە لەیەك مادەدا لەگەڵ بەرپرسیاریەتی ئەو کەسانەی کەوا سەرپەرشتیار وچاودێریکاری کەسانی ترن کەوا پێویستیان بە چاودێری هەیە، لەمادەی (288) بڕگەی (1) خاڵی (ب) بەم شێوەیە هاتووە: (1.هیچ کەسێك لێپرسینەوەی

لەگەڵ ناکرێت لەکرداری کەسانی تر، لەگەڵ ئەوەشدا دادگا بۆی هەیە لەسەر داوای زیان بەرکەوتوو ئەگەر پاساوێکی بەدیکرد پابەندی بکات بەدانی ئەو گەرەنتیەی بەسەر ئەو کەسە دا سەپێندراوە کەوا زیانەکەی درووست کردووە. ب. ئەوەی دەسەڵاتی ڕاستەقینەی هەیە لەچاودێری کردن وئاراستەکردنی ئەو کەسەی زیانەکەی دەکەوێتە ئەستۆ، تەنانەت ئەگەر ئازادیش نەبێت لە هەڵبژاردنی ئەگەر کاری زیانبەخش دەرچوو لە شوێن کەوتە لەکاتی جێ بەجێکردنی کارەکانی یان بەهۆکاری ) (ابوحسن، 2008، ل 64)، وە بەدیهاتنی ئەو بەرپرسیاریەتیە پێویستی بە دوو مەرج هەیە:

**یەکەم/** بوونی پەیوەندیەکی شوێنکەوتەیی لەنێوان ئەوکەسەی کەوا دەرئەنجامی زیانەکە لەئەستۆ دەگریت لەگەڵ ئەو کەسەی کەوا زیانەکەی درووست کردووە، وە باشترین دیاریکردن بۆ مانای پەیوەندی شوێن کەوتەیی لە بڕگەی (2)ی مادەی (174)ی یاسای شارستانی میسری هاتووە ( پەیوەندی شوێن کەوتەیی دروست دەبێت تەنانەت ئەگەر شوێن کەوتراو ئازادیش نەبێت لە هەڵبژاردنی شوێن کەوتەکەی ئەگەر دەسەڵاتی کرداری هەبوو لە چاودێری کردن وئاڕاستەکردنی) (المختار، 2017، لا 122)، وە لەمادەی (288) بڕگەی (1) خاڵی (ب) لەیاسای شارستانی ئوردنی ئاماژەی پیکردووە، (ابوحسن، 2008، لا 64) لێرەدا ڕوونە کەوا پەیوەندی شوێنکەوتەیی خۆی دەنوێنێت لە ئاراستەکردن وچاودێری کردنی شوێنکەوتە، وە مەرج نیە کەوا شوێن کەوتراو ئازاد بێت لە هەڵبژاردنی شوێن کەوتەکەی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت ئەو پەیوەندیە بەهۆی گرێبەستێکەوە لەنیوان لایەنەکان درووست ببێت، وەکو گرێبەستی کار، وەئەگەر ئەو پەیوەندیە بەهۆی گرێبەستەوە درووست ببێت مەرج نیە کەوا شوێن کەوتە بەرامبەر کرێ کاربکات بۆ شوێن کەوتراو، بەڵکو دەکرێت بێ بەرامبەریش بێت (الحکیم، البکري، والبشیر، 2018، لا 351-352).

**دووەم/** هەڵە لەلایەن شوێن کەوتەوە ئەنجام بدرێت لەکاتی جێبەجێکردنی کارەکانیدا، کەواتە بەرپرسیاریەتی شوێن کەوتراو بەدی نایەت بەبێ بوونی هەڵەی شوێن کەوتەکەی، وەهەروەها پێویستە شوێن کەوتە ئەو هەڵەیەی ئەنجام دابێت لەکاتی ئەنجام دانی کارەکەی، کەواتە شوێن کەوتراو بەتەنها دەرئەنجامی ئەو هەڵەیە لەئەستۆ دەگرێت کەوا لەکاتی جێبەجیکردنی کارەکانی دایە. (المیاحي، 2021، لا 55).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لێرەدا پێمان وایە بەرپرسیاریەتی خاوەن پێشانگاکان سەبارەت بە هەڵسوکەوت وکاری کارمەندەکان دەچێتە چوارچێوەی ئەم بەرپرسیاریەتیەوە، لەبەر ئەوەی پەیوەندی شوێن کەوتەیی هەیە لەنێوان خاوەن پێشانگاو کارمەندەکان دا، ئەویش لەسەر بنچینەی ئەو ڕێکەوتنەیە کەوا لەنێوانیاندا هەیە، وە خاوەن پێشانگاکان دەسەڵاتیان هەیە لە ئاڕاستەکردن و چاودێری کردنی ئەو کارمەندانەی کەوا کاریان لەگەڵدا دەکەن، وە هەموو ئەو کارانەیان لەژێر ڕێنمایی خاوەن پێشانگاکان دایە، هەروەها پێشانگاش دامەزراوەیەکی بازرگانییە کەوا لەیاسای شارستانی عیراقی بەمەرجی داناوە، کەوا حکومەت وشارەوانیەکان یا هەرکەسێکیش شوێنێکی پیشەسازی یان بازرگانی بەکاربهێنێت، کەواتە هەرکاتێك کارمەندەکان لەکاتی جێبەجێکردنی کارەکانی پێشانگا هەڵەیەکی زیان بەخشیان ئەنجامدا ئەوە خاوەن پێشانگا بەرپرسیار دەبێت لەسەر بنچینەی بەر پرسیاریەتی شوێن کەوتراو لەکارەکانی شوێن کەوتە، وەئەم بەرپرسیاریەتیەش لە چوار چێوەی یاسای عیراقی و یاسا بەراوردکاریەکان دەچێتە چوار چێوەی بەرپرسیاریەتی کەمتەرخەمی، کەواتە بەرپرسیاریەتی خاوەن پێشانگاکان بەرامبەر ئەو کەسانەی کەوا بەهۆی کار وهەڵسوکەوتی کارمەندەکان زیانیان پێدەگات لە پێشانگاکاندا بەر پرسیاریەتی کەمتەرخەمیە، ئەمە لەڕوانگەی یاسای شارستانی.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین سەبارەت بەکاری نێوەنگیری، کەوا ئەگەر هاتوو کارمەندەکان ئەنجامیاندا ئەوە بابەتێکی ترە، چونکە لەیاسای دەلالەی عیراقی حوکمی تایبەت هاتووە سەبارەت بەکاری نێوەنگیری، کەوا ئەگەر لەلایەن شوێن کەوتوەکانی دەڵالەوە ئەنجام بدرێت، وەهەر لە چوار چێوەی ئەم حوکمەش دەتوانین بەرپرسیاریەتی خاوەن پێشانگاکانمان بۆ ڕوونبێتەوە لەکارەکانی دەڵاڵی کەوا ئەگەر هاتوو کارمەندەکان ئەو کارەیان ئەنجامدا، وەلەمادەی (11)ی یاسای دەلالەی عیراقی بەم شێوەیە هاتووە: (دەڵاڵ بەرپرسیارە بەرامبەر لایەنەکانی گرێبەست لەو گوژمەیەی کەوا نێوەنگیری دەکات بۆ ئەنجامدانی تەنانەت ئەگەر کاری پێویست بۆ ئەنجامدانی لەلایەن شوێنکەوتەکەیەوە ئەنجام درابێت)، بەگوێرەی ئەو دەقە دەڵاڵ بەرپرسیارە لەکارو کردەوەی شوێن کەوتەکانی، وەك چۆن بەرپرسیارە لەکارو کردەوەکانی خۆی، بەپشت بەستنمان بەو دەقە دەتوانین بەو دەرئەنجامە بگەین، کەوا بەرپرسیاریەتی خاوەن پێشانگاکان سەبارەت بە کارو کردەوەی کارمەندەکان لەگرێبەستەکانی نیوەنگیری بەرپرسیاریەتی گرێبەستیە لەکردەوەی کەسی تر

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

( المسؤولية العقدية عن فعل الغير) کەسی بەرپرس لێرەدا دەڵاڵە (خاوەن پێشانگا)، وە کەسی زیان بەرکەوتوو ئەو کەسەیە کەوا کاری نێوەنگیری بۆ ئەنجام دەدرێت جا کڕیار بێت یاخود فرۆشیار، کەسی تر (غیر) لێرەدا شوێن کەوتەکانی خاوەن پێشانگان (کارمەندەکان) کەوا هەڵدەستن بەجێبەجێکردنی ئەو پابەندیە گرێبەستیەی کەوا خاوەن پێشانگا لە ئەستۆیەتی (نزال، 2018، لا 78-79)، وەئەگەر کارمەندەکان هەڵەیەکیان ئەنجام دا لە جێبەجێکردنی گرێبەستی نێوەنگیری ئەوە بەرپرسیاردەبن وە بەرپرسیاریەتیەکەیان گرێبەستیە بەرامبەر بە خاوەن پێشانگا، وەبەرپرسیاریەتی خاوەن پێشانگاش گرێبەستیە سەبارەت بەکارو کردەوەی کارمەندەکان بەرامبەر ئەو لایەنەی کەوا زیانی بەر کەوتووە بە هۆی کاروکردەوەی کارمەندەکان لەگرێبەستەکانی نێوەنگیری. (الفرجانی، 2015، لا 6)

وە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ یاسا بەراوردکاریەکان لەیاسای بازرگانی میسری وە ئوردنیش هیچ دەقێکی لەم شێوەیە نەهاتووە کەوا بەر پرسیاریەتی دەڵاڵ دیاری بکات لەکاری شوێن کەوتەکانی، جگە لەمادەی (204)ی یاسای بازرگانی میسری کە باس لەبەرپرسیاریەتی دەڵاڵ دەکات لەکارو کردەوەی جیگرەکانی، کە مادەکە بەم شێوەیە هاتووە (1. ئەگەر سەمسار کەسێکی تری کردە جێگر بۆ ئەنجامدانی ئەو کارەی کەوا پێی سپێردراوە بێ ئەوەی مۆڵەتی پێبدرێت ئەوا بەرپرسیار دەبێت لەکاری جێگرەگە، وەك ئەوەی ئەو کردەوەیە لەلایەن خۆیەوە دەرچوو بێت، سەمسارو جێگرەکەی بەهاوبەشی گەرەنتی بەرپرسیاریەتیەکە دەکەن ، 2 . ئەگەر سەمسار ڕێگەی پێدرابێت لەهەڵبژاردنی جێگر بێ ئەوەی کەسە جێگرەکەی بۆ دیاری کرابێت، ئەوە سەمسار بەرپرسیار نابێت تەنها لەهەڵەی خۆی نەبێت لە هەڵبژاردنی جێگرەکەی یاخود لەهەڵەی خۆی سەبارەت بەو ڕێنماییەی کەوا بۆی دەرکردووە 3. وە لەهەموو دۆخێك دا دەکرێت ئەوەی کەوا سەمسار یان جێگرەکەی هەڵبژاردووە ڕاستەوخۆ بگەڕێتەوە سەر هەریەکێکیان لەسەر ئەوەی تر). بەگوێرەی برگەی (2)ی ئەم مادەیە بەشێوەیەکی گشتی دەڵاڵ ونێوەنگیر نابێت جێگریان هەبێت، واتا نابێت لەڕێگەی جێگرەکانی کارەکەی ئەنجام بدات، تەنها ئەگەر ڕێگە پێدراو بێت لەلایەن ئەو کەسەی کەوا مامەڵە لەگەڵ دەڵاڵەکە دەکات، وەئەگەر ڕێگەی پێدرا کە جێگری هەبێت بەبێ ئەوەی جێگرەکەی بۆ دیاری بکرێت، واتا خۆی دیاری کرد، ئەوا بەرپرسیار دەبێت لەکردەوەکانی جێگرەکەی لەسنووری ئەو ڕێنمایانەی کەوا خۆی بۆی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەرکردووە، هەروەها بەرپرسیش دەبێت لەهەڵەی خۆی لەهەڵبژاردنی جیگرەکەی (اللقیوبی، 1992، لا 235)، بەڵام ئەگەر دەلاڵ جێگرەگەی بۆ دیاری کرابێت لەلایەن ئەو کەسەی کەوا مامەڵەی لەگەڵ دەکات ئەوا بەر پرسیار نابێت تەنها لەسنووری ئەو ڕێنمایانەی کەوا بۆی دەرکردووە. بەڵام ئەگەر ڕێگەی پێنەدرا کەوا جێگر بۆ خۆی دابنێت بۆ ئەنجام دانی کارەکانی، بەڵام جێگری بۆ خۆی دانا وە لەڕێگەی ئەوەوە کارەکانی ئەنجام دا، ئەوا بەرپرسیار دەبێت لەکاروکردەوەی جێگرەکەی هەر وەکو ئەوەی کارەکە لەلایەن خۆیەوە ئەنجام درابێت، بەرپرسیاریەتیەکەشیان هاریکاری دەبێت، کەواتە ئەو کەسەی کەوا زیانی بەرکەوتووە لەکردەوەکانی جێگرەکەی دەتوانێت ڕاستەوخۆ بگەڕێتەوە سەر جێگرەکە، وەداوای قەرەبووی لێبکات، هەروەها دەتوانێت ڕاستەوخۆ بگەڕێتەوە سەر دەلاڵەکە بەتەنها، هەروەها سەر هەردووکیان بەیەکەوە. (طه، 1971، لا 142)

بەگوێرەی یاسای میسری کەواتە ئەگەر خاوەن پێشانگا کڕیار وفرۆشیاران ڕیگەیان پێدابوو کەوا کارمەندەکان کارەکە ئەنجام بدەن، ئەوا خاوەن پێشانگا بەتەنها بەرپرسیاردەبێت لە سنوری ئەو ڕێنماییەی کەوا بۆیان دەردەکات وە لەهەڵەی لەهەڵبژاردنی کارمەندەکان، بەڵام ئەگەر ڕێگەی پێنەدرابوو ئەوا بەرپرسیار دەبێت لەکاروکردەوەی کارمەندەکان، وەك ئەوەی کەوا ئەو کاروکردەوەیە لەلایەن خۆیەوە ئەنجام درابێت، بەڵام ئێمە پێمان وایە کەوا لەڕووی کرداریەوە لەحالەتی دەگمەن ئەمە بەدیدەکرێت کەوا خاوەن پێشانگا پێش وەختە مۆڵەت لەوکەسە وەربگرێت کەوا کاری نێوەنگیری بۆ دەکات بۆ ئەوەی کارمەندەکان کارەکە ئەنجام بدەن، چونکە سروشتی کاری نێوەنگیری لە پێشانگاکان جیاوازە لەگەڵ کارەکانی تر، بۆیە پێمان وایە ئەم حالەتەی کەوا لەبڕگەی (1)ی مادەی (204) ئاماژەی پێکردووە زیاتر لەگەڵ کاری پێشانگاکان دەگونجێت، چونکە لەڕووی کرداریەوە ئەم ڕێگەپێدانە وەك ئاماژەمان پێکرد بەدەگمەن بەدیدەکرێت، وە ئەگەر ڕێگەشی پێنەدرێت ئەوا کارەکە هەر بەدروست دادەندرێت، بەڵام لەم حالەتەدا ئەم کارو کردەوەی کەوا کارمەندەکان ئەنجامی دەدەن وەکو ئەوە وایە کەوا لەلایەن خودی خاوەن پێشانگاوە ئەنجام درابێت، وە ئێمە لەسەر ئەم بنچینەیە جۆری بەرپرسیاریەتی خاوەن پێشانگاکان دیاری دەکەین سەبارەت بەکارو کردەوەی کارمەندەکان بەگوێرەی یاسای میسری، پێمان وایە لەم بارەشدا هیچ بەرپرسیاریەتیەکی تر بەدی ناکرێت جگە لەبەر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پرسیاریەتی گرێبەستی لەکردەوەی کەسی تر (المسؤولية العقدية عن فعل الغير)، بەهەمان شێوەی یاسای دەلالەی عیراقی کەوا ئاماژەمان پێکرد، وەخاوەن پێشانگا لەم بارەدا بەهاریکاری لەگەڵ کارمەندەکان گەرەنتی قەرەبووکردنەوە دەکەن سەبارەت بەکاری نێوەنگیری. (الفرجاني، 2015، لا6) و (نزال، 2018، لا 80).

دوای ووردبوونەوە وتێڕوانینمان لەکۆتایی ئەم تەوەرەدا، دەتوانین بەو دەرئەنجامەبگەین کەوا بەرپرسیاریەتی خاوەن پێشانگاکان سەبارەت بەکارو کردەوەی کارمەندەکان بەگوێرەی یاسای ئوردنی بەرپرسیاریەتی کەمتەرخەمیە بە کاری نێوەنگیری ودەلاڵیشەوە، وە بەگوێرەی یاسای عیراقی ومیسریش بەهەمان شێوە جگە لەم کارە نێوەنگیریە ودەلاڵیەی کەوا کارمەندەکان ئەنجامی دەدەن کەوا بەر پرسیاریەتی خاوەن پێشانگا لەو حالەتەدا گرێبەستیە.

## ٠٣. بنچینەی بەرپرسیاریەتی شارستانی خاوەن پێشانگاکانی ئۆتۆمبێل.

بنچینەی بەرپرسیاریەتی ئەو هۆکارانەن کەوا یاسادانەر بەهۆیەوە باری قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی پێدەخاتە سەر کەسێکی دیاری کراو، لەوانەیە هۆکارەکە ئەوە بێت کەوا ئەو کەسە هەڵەیەکی ئەنجام داوە وزیانی گەیاندووە، یاخود بەواتایەکی تر قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەڵەیەی کەوا کەسەکە ئەنجامی داوە یاخود ئەو زیانەی کەوا گەیاندویەتی (الرفاعي، بێ ساڵی چاپ، لا 363)، سەبارەت بە بنچینەی بەرپرسیاریەتی شارستانی دوو تیۆری سەرەکیمان هەیە، تێۆری کەسی کەخاوەنەکانی ئەم تیۆرە پێیان وایە کەوا هەڵە بنچینەیە بۆ بەر پرسیاریەتی شارستانی، وە لەدوای پیش کەوتنی ژیان لەڕووی پێشە سازی زۆربوونی ئامێرەکان کە ئەمەش بوە هۆی ئەوەی کەوا کەسی زیان بەرکەوتوو بەئاسانی نەتوانێت هەڵەی ئەو ئامێرانە بسەلمێنێت، بۆیە بەهۆی ئەمەوە تیۆرێکی تر سەری هەڵدا کەتیۆری بابەتی بوو، کە بەگوێرەی ئەم تێۆرە بنچینەی بەرپرسیاریەتی شارستانی دەگەڕێتەوە بۆ زیان نەوەك هەڵە، (احمد، 1983، لا 373) وە یاسازانان بەشێوەیەکی گشتی دابەشی سەر ئەم دوو ئاراستەیە بوون هەندێکیان هەڵە بەبنچینەی بەر پرسیاریەتی دەزانن بەشێوەیەکی گشتی، وەهەندێکی تریان زیان، بۆیە ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین ئاراستەی یاسادانەری عیراقی ویاسا بەراوردکاریەکانمان بۆ ڕوون بێتەوە سەبارەت بەبنچینەی بەرپرسیاریەتی خاوەن پێشانگاکان، بۆ ئەوەی ئەوەمان بۆ دەرکەوێت کەوا بنچینەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەرپرسیاریەتی خاوەن پێشانگاكان كەسیە یاخوود بابەتی، بۆیە ئەم باسەمان دابەش دەكەین بۆ سەردوو تەوەر، لەسەرەتادا و لە تەوەری یەكەم بنچینەی بەرپرسیاریەتی شارستانی خاوەن پێشانگاكان دیاری دەكەین بەر لەئەنجامدانی گرێبەستەكانی فرۆشتن، دواتر لەتەوەری دووەم بنچینەی بەرپرسیاریەتی شارستانی خاوەن پێشانگاكان دیاری دەكەین لەكاتی ئەنجام دانی گرێبەستەكانی فرۆشتن، لە كۆتاییدا وە لەتەوەری سێیەم بنچینەی بەرپرسیاریەتی خاوەن پێشانگاكان دیاری دەكەین سەبارەت بەهەڵسوكەوت وكاری ئەو كارمەندانەی كەوا لەگەڵیان دا كاردەكەن.

## 1.3 بنچینەی بەر پرسیاریەتی شارستانی خاوەن پێشانگاكان بەر لەئەنجامدانی گرێبەستەكانی فرۆشتن.

وەك پێشتر ڕوونمان كردەوە كەوا بەر لەئەنجامدانی گرێبەستەكانی فرۆشتن بەرپرسیاریەتی خاوەن پێشانگاكان بەشێوەیەكی سەرەكی گرێبەستیە، وە گرێبەستەكەش گرێبەستی سپاردنە (الودیعة) بۆیە بۆ دیاری كردنی بنچینەی بەرپرسیاریەتی خاوەن پێشانگاكان ئەگەر هاتوو بەرپرسیاریەتیەكە گرێبەستی بوو ئەوا پێویستە بگەڕێینەوە بۆ گرێبەستی سپاردن، بنچینەی بەر پرسیاریەتی پێسپێردراو دیاری بكەین بەشێوەیەكی گشتی، چونكە خاوەن پێشانگا پێسپێردراوە لەم گرێبەستانەدا (المودع لدیه).

سەبارەت بەبنچینەی بەرپرسیاریەتی لەگرێبەستەكانی سپاردن دوای گەڕانێكی زۆر لەنێو سەرچاوەكاندا نەمانتوانی هیچ سەرچاوەیەكمان دەست بكەوێت كەوا باس لەبنچینەی بەر پرسیاریەتی بكات لەگرێبەستی سپاردن، بۆیە ئێمە لێرەدا وەكو توێژەر هەوڵدەدەین لەڕێگەی گەڕانەوە بۆ حوكمەكانی گرێبەستی سپاردن وە لەڕێگەی پێوانەكردن (القیاس) بنچینەی بەر پرسیاریەتیەكە دیاری بكەین.

یەكێك لەمادەكانی یاسای شارستانی عیراقی سەبارەت بەگرێبەستی سپاردن باس لەبەر پرسیاریەتی خاوەن هۆتێل ومۆتێلەكان دەكات، وەپێمان وایە لەڕێگەی ئەم مادەیە دەتوانین بنچینەی بەرپرسیاریەتی بەشێوەیەكی گشتی دیاری بكەین لە گرێبەستەكانی سپاردن، ئەویش مادەی (972)ـی یاسای شارستانیە كەوا بەم شێوەیە هاتووە: (خاوەنی هۆتێل ومۆتێلەكان پێویستە

چاودێری پاراستنی ئەو شتانە بکەن کەوا میوانەکان دەیهێنن بەرپرسن لەکرداری هەر ڕۆیشتوو وە هاتویەك لە هۆتێل یان مۆتێل یان شوێنی حەوانەوە، جگە لەوە بەرپرس نین لەوەی پەیوەستە بەپارەو کاغەزە داراییەکان و شتە بەنرخەکان بە قەرەبویەك پەنجا دینار تێپەڕێنێت، ئەگەر پاراستنی ئەو شتانەیان نەخستبێتە ئەستۆیان کەوا نرخەکەی دەزانن یان بێ پاساو ڕەتیبکەنەوە کەوا وەری بگرن وەك ئەمانەت لە ئەستۆ، یان بەهۆی هەڵەی خۆیان یان یەکێك لە شوێن کەوتەکانیان زیان دروست بکەن) (یاسای شارستانی عیراقی :مادة (972)، 1951)، لەکۆتایی ئەم مادەیە بەئاشکرا باس لە هەڵە دەکات کەوا لەلایەن خۆیانەوە ئەنجام بدرێت یاخود لەلایەن شوێنکەوتەکانیان، وە ئەمە ڕوونە لەم مادەیەدا کەوا بەر پرسیاریەتیەکە بەهۆی هەڵەوە درووست دەبێت، بۆیە لێرەدا پێمان وایە بنچینەی بەرپرسیاریەتی پێسپێردراو بەشێوەیەکی گشتی دەگەڕێتەوە بۆ هەڵە نەوەك زیان بەگوێرەی یاسای شارستانی عیراقی، هەروەها ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ یاسا بەراوردکاریەکان ئەوە لەمادەی (727)ـی یاسای شارستانی میسری بەم شیوەیە هاتووە (1. خاوەن هۆتێل ومۆتێل وهاوشێوەکانی دەبێت ئاگاداری پاراستنی ئەو شتانە بن کە گەشتیاران ومیوانەکان دەیهێنن بەرپرسن تەنانەت بۆکردارەکانی ئەو کەسانەی هاتوچۆی هۆتێل و مۆتێلەکان دەکەن2. جگە لەوە بەرپرس نین لەوەی پەیوەستە بە پارە وکاغەزە داراییەکان وەشتە بەنرخەکان بەقەرەبویەك کە پەنجا جنەیی تێپەڕێنێت، ئەگەر پاراستنی ئەو شتانەیان نەخستە ئەستۆی خۆیان کەوا نرخەکەی دەزانن یان بێ پاساو ڕەتی بکەنەوە کەوا وەریبگرن وەك ئەمانەت لەئەستۆیان، یان بەهۆی هەڵەی گەورەی خۆیان یان یەکێك لەشوێنکەوتەکانیان زیان درووست بکەن) (یاسای شارستانی میسری : مادە (727) ، 1948)، وەهەروەها لەمادەی (890)ـی یاسای شارستانی ئوردنی بەم شێوەیە هاتووە (1. دانانی ئەو شتانەی کە هی میوانەکانن لە هۆتیل ومۆتێلەکان یان هاوشێوەکانیان بەمەرجی گەرەنتی لەسەر خاوەنەکانیان دادەنرێن، ئەم شوێنانە گەرەنتی هەموو لەدەستدانێك یان کەموکوڕیەك دەکەن کە بەسەریان دادێت. 2. سەبارەت بە کەلوپەلی بەنرخ یان کاغەزە داراییەکان گەرەنتیان ناکەوێتە ئەستۆ بەبێ دەستدرێژی وکەمتەرخەمی تەنها ئەگەر قەبوڵ بکرێت لەلایەن خاوەنی ئەو شوێنانەی ئاماژەی پێکرا بۆ ئەوەی بیانپارێزن لەکاتێك کەوا بەهاکەی دەزانن یان پاراستنی ڕەتبکەنەوە بەبێ پاساو یان ببنە هۆی ڕودانی ئەوەی کەوا بەسەر شتەکاندا هاتووە بەهەڵەیەکی گەورەی خۆیان یان یەکێك لەشوێنکەوتەکانیان ئەو کاتە بەشێوازی ئاسایی گەرەنتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەکرێت) (یاسای شارستانی ئوردنی : مادە (890) ، 1976)، لێرەدا لەبڕگەی دووەمی ئەم مادەیە وهەروەها لەبڕگەی دووەمی مادەی (727)ـی یاسای میسری بەشێوازیکی ڕوون و ئاشکرا باس لەهەڵـدەکات کەوا لەلایەن خاوەنی ئەو شوێنانەوە یان شوین کەوتەکانیان ئەنجام دەدرێت کەدەبێتە هۆی درووست بوونی بەرپرسیاریەتی لێرەدا ئاماژەیە کەوا بنچینەی بەرپرسیاریەتی لەم مادەیانە دەگەڕێتەوە بۆهەڵە نەوەك زیان بۆیە ئەم مادانە ومادەی (972)ـی یاسای شارستانی عیراقی بنچینەکەیان دەگەڕێتەوە بۆهەڵە نەوەك زیان.

بەگوێرەی ئەمەش بنچینەی بەرپرسیاریەتی خاوەن پێشانگاکان سەبارەت بەپاراستنی ئۆتۆمبێلەکان بەگوێرەی ئەوەی کەوا پێسپێردراوە (المودع لدیە) بنچینەکەی هەڵەیە نەوەك زیان لە بەرپرسیاریەتی گرێبەستی.

## 2.3 بنچینەی بەرپرسیاریەتی شارستانی خاوەن پێشانگاکان لەکاتی ئەنجامدانی گرێبەستەکانی فرۆشتن.

وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد لەم قۆناغەدا خاوەن پێشانگا دەڵاڵ ونێوەنگیرە بۆیە ئەگەر بەرپرسیاریەتیەکەی گرێبەستی بێت پێویستە بگەڕێینەوە بۆ بنچینەی بەر پرسیاریەتی دەڵاڵ لەیاسای دەلالەی عیراقی ویاسا بەراوردکاریەکان بۆ ئەوەی لەرێگەیانەوە بتوانین بنچینەی بەرپرسیاریەتی خاوەن پێشانگاکان دیاری بکەین.

بەگەڕانەوەمان بۆ یاسای دەلالەی عیراقی بەرکار بۆمان ڕوون دەبێتەوە کەوا ئەم یاسایە بەئاشکرا باس لەبەرپرسیاریەتی دەڵاڵ دەکات لەمادەی (11) کەهاتووە: (دەڵاڵ بەرپرسیارە بەرامبەر لایەنەکانی گرێبەست لەو گوژمەیەی کەوا نێوەنگیری دەکات بۆ ئەنجامدانی تەنانەت ئەگەر کاری پێویست بۆ ئەنجامدانی لەلایەن شوێنکەوتەکەیەوە ئەنجام درابێت)، لێرەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کەوا یاسای ناوبراو ئاماژەی داوە کەوا دەڵاڵ بەرپرسە لەهەر کەموکوڕیەك لەم گرێبەستەی کەوا ئەنجامدراوە لەژێر سەرپەرشتی خۆی یاخود لەلایەن کەسانێك ئەنجام درابن کەوا کارمەندبن لەلایان بەهەر هۆیەك لەلایەن ئەو کەسانەوە ئەنجام درابێت کەوا شوێنکەوتەی دەڵلن ، وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد لەم بارەشدا بەرپرسیاریەتیەکە گرێبەستیە (یاسای دەلالەی عیراقی : مادە (11)،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1987) وە بەبۆچوونی ئێمە بنچینەی ئەم بەر پرسیاریەتیە بەگوێرەی ئەم مادەیە دەگەڕێتەوە بۆ هەڵەی کەسی.

ئەمەی باسمانکرد لەچوارچێوەی یاسای دەلالەی عیراقی بوو، وە بەگوێرەی یاسای شارستانی عیراقیش هەندێك لە یاسازانان ئاماژە بەوەدەکەن کەوا بنچینەی بەرپرسیاریەتی بەشێوەیەکی گشتی هەڵەیە نەوەك زیان بۆ ئەم مەبەستەش پشتیان بەستووە بەچەند دەقیکی یاسای شارستانی عیراقی، وە چەند دەقێکیش لەمانە تایبەتن بە ڕێساگشتییەکانی بەرپرسیاریەتی گرێبەستی بەشێوەیەکی گشتی، یەکێك لەم دەقانە دەقی مادەی (259)یە کەوا تایبەتە بەرێککەوتن لەسەر هەموارکردنی حوکمەکانی بەرپرسیاریەتی گرێبەستی کە مادەکە بەم شیوەیە هاتووە: (1. دروستە رێکەوتن بکرێت لەسەر ئەوەی پابەندکراو ئەنجامی ڕووداوی لەناکاو وە ڕووداوی لەتوانا بەدەر (القوة القاهرة) بگرێتە ئەستۆ. 2. هەروەها درووستە ڕێکەوتن بکرێت لەسەر بەخشینی پابەندکراو لەهەر بەرپرسیاریەتیەك کە دروست دەبێت لەجێبەجێکردنی پابەندبوونی گرێبەستی تەنها ئەوە نەبێت کە دروست دەبێت لە گزی (غش) یان هەڵەیەکی گەورە (الخطأ الجسیم)، لەگەڵ ئەوەشدا درووستە پابەندکراو مەرجی ئەوە دابنێت کەوا بەر پرسیار نەبێت لە گزی وهەڵەی گەورە کە ڕودەدات لەو کەسانەی کەوا بەکاریان دەهێنێت لە جێبەجێکردنی پابەندیەکەی، 3. هەرمەرجێك دابندرێت بۆ بەخشین لەبەر پرسیاریەتی درووست بوو لەکاری ناڕەوا ( العمل غیر المشروع) ئەوا پوچەڵە)، یاسادانەر لێرەدا ڕێگری کردووە لەسەر ئەوەی کەوا پابەندکراو ببەخشرێت لەبەرپرسیاریەتی گرێبەستی ئەگەر هاتوو گزی (غش) یاخود هەڵەی گەورەی (الخطأ الجسیم) ئەنجام دا بۆ ئەوەی پابەندکراو دوور بخاتەوە لەفێڵکردن لەحوکمەکانی یاسا، چونکە لەوانەیە وابزانێت کاتێك هەڵەیەك دەکات دەستی بەرپرسیاریەتی نایگاتێ بەهۆی بوونی ئەم مەرجەی لێبوردنەوە، بۆیە یاسادانەر ئەم ڕێگەیەی لێگرتووە، بەڵام ئەمە لەلایەکی تر مانای ئەوەیە کەوا پابەندکراو دەبەخشرێت لەقەرەبووکردنەوەی خاوەن قەرز ئەگەر ئەم مەرجە لەنێوانیاندا هەبوو سەرەڕای ئەوەی کەوا خاوەن قەرز زیانیشی بەرکەوتبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نابەخشرێت ئەگەر پابەندکراو گزی وهەڵەی گەورەی ئەنجامدا، وە دەڵێن ئەوەندە بەس بوو کەوا یاسا دانەر کۆتایی بەم دەقە هێنابایە بە هەڵەی گەورە (الخطأ الجسیم) لەبەر ئەوەی گزی بەهێزترە لەهەڵەی گەورە، وە کەسێك هەڵەی گەورە بکات وسزا بدرێت ئەوە لەپێشترە لەوەی کەوا کەسێك ڕوبەڕوی هەمان سزا

بکرێتەوە وبەهێزتر نەبێت کاتێك گزی ئەنجام دەدات لەبەر ئەوەی گزی جیاوازی هەیە لەگەڵ هەڵەی گـەورە (الأحمـد م.، 2008، ل 57-58)، ئەمـە ئـەوەمان پێڕادەگەیـەنێت کـەوا بنچینـەی بەرپرسیاریەتی لێرەدا هەڵەیە، چونکە ئەگەر هەڵە نەبێت کەسەکە دەبەخشرێت لەبەر پرسیاریەتی، لێردا ئێمە پشتگیری ئەم بۆچوونە دەکەین لەبەر ئەوەی هەڵەی گەورە لێرەدا ڕیگرە لەوەی کەوا پابەندکراو ببەخشرێت سەرەڕای بوونی ئەم مەرجە، ئێمە لێردا پێمان وایە بنچینەی بەرپرسیاریەتی لەڕێسا گشتیەکانی بەرپرسیاریەتی گرێبەستی بەشیوەیەکی گشتی بنچینەی بەر پرسیاریەتیەکەی هەڵەیە نەوەك زیان، بۆ زیاتر پشتگیری کردنی بۆچوونەکەمان دەگەڕێینەوە بۆ مادەیەکی تری تایبەت بە قەرەبووکردنەوە لەڕێسا گشتیەکان، کە مادەی (169) کەوا لەبڕگەی سێیەمی ئەم مادەیە بەم شێویە هاتووە (ئەگەر پابەندکراو گزی (غش) یان هەڵەیەکی گەورەی (الخطأ الجسیم) ئەنجام نەدابێت قەرەبووەکە نابێت لەوە زیاتر بێت کە بەشیوەیەکی ئاسایی لەکاتی گرێبەست کردن چاوەڕوان دەکرا لەڕووی زیان وقازانجی لەدەست چوو ) (یاسای شارستانی عیراقی : مادە (169) ، 1951)، لەم بڕگەیەدا بەشێوەیەکی ئاشکرا دیارە کەوا هەڵە کاریگەری هەیە لەسەر دیاری کردنی قەرەبوو، وە قەرەبوو لەبەرپرسیاریەتی گرێبەستی لەسەر بنچینەی هەڵەیە نەوەك زیان، بۆیە پێمان وایە ڕیساگشتیەکانی بەرپرسیاریەتی گرێبەستی ڕێسای کەسین نەوەك بابەتی.

وەئەگەر بگەڕێینەوە بۆ یاسا بەراوردکاریەکان لەیاسای بازرگانی میسری لەچەند حالەتێکدا باسی بەرپرسیاریەتی شارستانی دەلال دەکات کەوا لە ڕێگەی ئەمەوە دەتوانێن بنچینەی بەرپرسیاریەتی خاوەن پێشانگاکان دیاری بکەین سەبارەت بەکارەکانی نێوەنگیری، سەبارەت بە بەرپرسیاریەتی دەڵاڵ لەمادەی (200) دا بەم شێوەیە هاتووە (سەمسار ئەگەر تەنها لەلایەن لایەنێکی گرێبەستەکەوە دیاری کرابێت دەبێت گوژمەکە بەئەمانەتەوە بۆ لایەنەکان بخاتەڕوو بیانوەستێنێت لەسەر هەموو ئەو بارودۆخانەی کەوا دەربارەی گوژمەکە دەیزانێت وە سەمسار بەرپرسیار دەبێت بەرامبەریان ئەگەر گزی (غش) یان هەڵەی گەورەی (الخطأ الجسیم) ئەنجامدا ) (یاسای بازرگانی میسری : مادە (200)، 1999)، لێرەدا یاسادانەر چەمکی هەڵەی بەشێوەیەکی ئاشکرا بەکارهێناوە، وەبنچینەی بەرپرسیاریەتیەکە هەڵەیە نەوەك زیان، چونکە ئەو کاتە بەرپرسیاریەتیەکە سەر هەڵدەدات کە دەلال هەڵەی گەورە دەکات یاخود گزی (غش).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وەئەگەر بگەڕێینەوە بۆ یاسای بازرگانی ئوردنی هیچ دەقێك نەهاتووە كەوا باس لەبەرپرسیاریەتی دەڵال بكات، وە بەگوێرەی ئەوەی كەوا حوكمەكانی بریكارنامە بەشێوەیەكی گشتی پەیرەو دەكرێت لەسەر گرێبەستی نێوەنگیری، وە دەڵال لەپێگەی بریكاردایە بۆیە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ بنچینەی بەر پرسیاریەتی بریكار لەگرێبەستی بریكارنامە (یاسای بازرگانی ئوردنی : مادە (99) برگە (2)، 1996) لەمادەی (843) برگەی (2) بەم شێوەیە هاتووە: (ئەگەر بریكار ڕێگە پێدراوبێ كەسێكی تر بكاتە بریكار بەبێ دیاركردن ئەوە بەرپرسیار دەبێت لەهەڵەكەی لە بەبریكاركردنی كەسەكەی تر یاخود ئەوەی بۆی دەركردووە ) (یاسای شارستانی ئوردنی : مادە (843) برگە (2)، 1976)، ئەم مادەیە باس لەبەرپرسیاریەتی بریكار دەكات ئەگەر هاتوو كەسێكی تری كردە بریكار ئەوە بەرپرسیار دەبێت لەهەڵەی خۆی لەدیاری كردنی ئەم بریكارە، كەواتە هەڵەی خۆی بنچینەیە بۆ ئەوەی كەوا بەرپرسیاربێت، هەروەها لەمادەی (859) بەم شێویە هاتووە (1. بریكاردەر پابەندە بەهەموو ئەو مافانەی كەوا دەكەوێتە ئەستۆی بریكار بەهۆی جێبەجێكردنی بریكارنامە بە جێبەجێكردنێكی ئاسایی. 2. بریكاردەر بەرپرسیارە لەو زیانەی كەوا بەر بریكار دەكەوێت لە دەرئەنجامی جێبەجێكردنی بریكارنامە بەجێبەجێكردنێكی ئاسایی مەگەر بەهۆی هەڵە یان كەمتەرخەمی خۆیەوە بێت) (یاسای شارستانی ئوردنی : مادە (859) ، 1976)، ئەم مادەیە باس لەبەر پرسیاریەتی بریكاردەر دەكات لەكارەكانی بریكار بەهۆی جێبەجێكردنی بریكارنامە، لێردا بریكاردەر لەبەرپرسیاریەتی ڕزگاری دەبێت ئەگەر ئەو زیانەی بەر بریكار كەوتبوو بەهۆی هەڵە وكەمتەرخەمی خۆیەوەبوو، لێرەدا ڕوونە كەوا هەڵە بنچینەیە بۆ ئەوەی كەوا بریكار ئەم زیانە لە ئەستۆ بگرێ كەوا بەریكەوتوە، وە بریكاردەریش ببەخشرێت لە بەرپرسیاریەتی.

كەواتە لێرەدا دەتوانین بەم دەرئەنجامەبگەین كەوا هەڵە بنچینەی بەرپرسیاریەتیە لەكارەكانی نێوەنگیری خاوەن پێشانگاكان بەگوێرەی یاسای دەلالەی عیراقی، وەهەروەها ڕێسا گشتیەكانی بەرپرسیاریەتی گرێبەستی لەیاسای شارستانی عیراقی وە بەگوێرەی یاسای بازرگانی میسری ویاسای شارستانی ئوردنی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 3.3 بنچینەی بەرپرسیاریەتی شارستانی خاوەن پێشانگاکان سەبارەت بەکارو کردەوەی کارمەندەکان.

وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد کەوا بەر پرسیاریەتی خاوەن پێشانگاکان سەبارەت بەکاروکردەوەی کارمەندەکان بەرپرسیاریەتی کەمتەرخەمیە لەسەر بنەمای بەرپرسیاریەتی شوێن کەوتراو لەکارەکانی شوێنکەوتە بەگوێرەی یاسای شارستانی عیراقی ویاسا بەراوردکاریەکان جگە لەکاری دەڵدلی و نیوەنگیری کەوا بەگوێرەی یاسای دەلالەی عیراقی و یاسای بازرگانی میسری بەرپرسیاریەتیەکەی گرێبەستیە، سەبارەت بەکاری دەڵدلی ونێوەنگیری ئەگەر کارمەندەکان ئەنجامیاندا، کەواتە پێویستە لێرەدا بنچینەی بەرپرسیاریەتی خاوەن پێشانگا دیاری بکەین لەیاسای شارستانی عیراقی ویاسا بەراوردکاریەکان لەسەر بنەمای بەرپرسیاریەتی شوێن کەوتە لەکارەکانی شوێن کەوتراو، هەروەها بەگوێرەی یاسای دەلالەی عیراقی و یاسا بەراوردکاریەکان ئایا خاوەن پێشانگا لەسەر بنچینەی زیان بەرپرسیار دەبێت لەکاری کارمەندەکانی یاخود لەسەر بنچینەی هەڵە؟ سەبارەت بە بەرپرسیاریەتی شوێن کەوتراو لەکارەکانی شوێن کەوتە لەبڕگەی (2)ی مادەی (219) بەم شێوەیە هاتووە: (خزمەتکراو دەتوانێت خۆی لەبەر پرسیاریەتی ڕزگار بکات ئەگەر سەلماندی ئەوەی لەتوانای دابووە کردویەتی لەچاودێری بۆ ڕێگری لەڕوودانی زیان، یان زیانەکە هەر ڕووی دەدا تەنانەت ئەگەر ئەم هەوڵەش بدرایە) ، (الذنون، 1970، لا 291)

لێرەدا بنچینەی بەرپرسیاریەتی شوێنکەوترا بریتیە لەهەڵە، ئەو هەڵەیەی کەوا دەتواندرێت پێچەوانەکەی بسەلمێندرێت (سلطان، 1983، لا 384)، کەواتە ئەگەر خاوەن پێشانگا ئەوەی سەلماند کەوا چاودێری تەواوی کردووە بۆ ئەوەی زیانەکە ڕوونەدات ئەوا ڕزگاری دەبێت لەبەر پرسیاریەتی (الفتلاوي و شاكر، 2019، لا 6) (حسين و عزيز، 2018، لا 12)، هەروەها لەمادەی (174)ی یاسای شارستانی میسری بڕگەی یەکەم بەم شێوەیە هاتووە: (شوێن کەوتراو بەرپرسیارە لەو زیانەی کەوا شوێن کەوتەکەی دروستی دەکات بەکارە ناڕەوایەکەی هەرکاتێك دروست بوو لەحالەتی جێبەجێکردنی کارەکەی یان بەهۆکاری)، لێرەدا بنچینەی بەر پرسیاریەتی شوێن کەوتراو هەڵەیە، هەڵەی گریمانەیی کەوا ناتواندرێت پێچەوانەکەی بسەلمێندرێت، یاسادانەر بنچینەی ئەم بەرپرسیاریەتیەی داناوە لەسەر هەڵەی گریمانەیی شوێن کەوتراو لەچاودێری کردنی شوێن کەوتەکانی یاخود لەئاراستەکردنی بەشێوەی گریمانە کەوا ناتواندرێت پێچەوانەکەی بسەلمێندرێت

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(طه ج.، 1984، لا 322). هەروەها لەیاسای شارستانی ئوردنی لەمادەی (288) بڕگەی (1) خاڵی (ب) بەم شێوەیە هاتووە: (1. هیچ کەسێك لێپرسینەوەی لەگەڵ ناکرێت لەکرداری کەسانی تر، لەگەڵ ئەوەشدا دادگا بۆی هەیە لەسەر داوای زیان بەرکەوتوو ئەگەر پاساوێکی بەدیکرد پابەندی بکات بەدانی ئەو گەرەنتیەی بەسەر ئەو کەسە دا سەپێندراوە کەوا زیانەکەی درووست کردووە، ب. ئەوەی دەستەڵاتی ڕاستەقینەی هەیە لەچاودێری کردن وئاراستەکردنی ئەو کەسەی زیانەکەی دەکەوێتە ئەستۆ، تەنانەت ئەگەر ئازادیش نەبێت لە هەڵبژاردنی، ئەگەر کاری زیانبەخش دەرچوو لە شوێنکەوتە لەکاتی جێبەجێکردنی کارەکانی یان بەهۆکاری)، زۆربەی یاسازانانی ئوردنی پێیان وایە کەوا بنچینەی بەرپرسیاریەتی ئەم مادەیە دەگەڕێتەوە بۆ هەڵە، هەڵەی گریمانەیی کەوا ناتواندرێت پێچەوانەکەی بسەلمێندرێت (السرحان و خاطر، 2021، لا 506).

کەواتە لێردا دەتوانین بەم دەرئەنجامە بگەین کەوا خاوەن پێشانگا بنچینەی بەرپرسیاریەتیەکەی سەبارەت بەکارە زیان بەخشەکانی کارمەندەکان بەگوێرەی یاسای شارستانی عیراقی هەڵەی گریمانەییە، کەوا دەتواندرێت پێچەوانەکەی بسەلمێندرێت، بەڵام بەگوێرەی یاسای میسرى وئوردنی هەڵەی گریمانەییە کەوا ناتواندرێت پێچەوانەکەی بسەلمێندرێت، کەواتە خاوەن پێشانگا بەگوێرەی یاسای عیراقی ئەگەر ئەوەی سەلماند کەوا چاودێری تەواوی کردووە بۆ ئەوەی زیانەکە ڕوونەدات، ئەوا لەبەرپرسیاریەتی ڕزگاری دەبێت، بەڵام بەگوێرەی یاسا بەراوردکاریەکان ڕزگاری نابیت تەنها بەهۆکاری بیانی نەبێت ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تر یاسای شارستانی میسرى ئەو ڕێسایەی دیاری کردووە کەوا بنچینەیە بۆ بەرپرسیاریەتی شوین کەوتراو هەرکاتێك کەوا کاری شوێن کەوتەکە کارێکی نارەوابێت (عمل غیر مشروع)، بەڵام یاسادانەری عیراقی باسی دەستدرێژی (تعد) کردووە، کەوا دەستەواژەیەکی ناڕوونە وکێشەی لەسەرە لەنێوان یاسازانان، بۆیە پێمان وایە کەوا هەڵوێستی یاسادانەری میسرى ڕونتر وباشترە، وە لەبەر ئەوەی بەرپرسیاریەتی شوێنکەوتراو کەمتەرخەمیە بەگوێرەی مادەی (219) لەیاسای شارستانی عیراقی بۆیە پێشنیار دەکەین بۆ یاسادانەری عیراقی کەوا دەستەواژەی دەستدرێژی (تعد) بگۆڕێت بۆ کاری نارەوا (العمل غیر المشروع)، وەمادەکە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە ( حکومەت وشارەوانیەکان ودامەزراوەکانی تر کە هەڵدەستن بە خزمەتگوزاری گشتی هەر کەسێك دامەزراوە پیشەسازی یان بازرگانیەکان بەکار بهێنێت بەر پرسە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەو زیانانەی کەوا بەکارهێنانەکانی دەیدەن ئەگەر زیانەکە بەهۆی کەوتنەوەی کردەوەیەکی ناڕەوابوو لەلایان لەکاتی هەڵسان بەخزمەتەکەیان).

شایەنی باسە ئەمەی سەرەوە کەوا باسمان کرد دیاریکردنی بنچینەی بەرپرسیاریەتی بوو بەگوێرەی یاسای شارستانی عیراقی ویاسا بەراوردکاریەکان، بەڵام سەبارەت بە بنچینەی بەرپرسیاریەتی خاوەن پێشانگا لەکارو کردەوەی کارمەندەکان کەوا ئەگەر هاتوو هەڵسان بەکارەکانی نیوەنگیری ودەڵالی ئەوە پێشتر بەگوێرەی مادەی (11)ی یاسای دەلالەی عیراقی بنچینەکەمان دیاری کرد وە ئاماژەمان پێکرد کەوا لەسەر بنچینەی هەڵەیە، هەروەها ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ یاسا بەراوردکاریەکان، ئەوە وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد کەوا بەگوێرەی یاسای بازرگانی ئوردنی هیچ شتێك لەم بارەیەوە نەهاتووە، بەڵام بەگوێرەی یاسای بازرگانی میسری دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ بڕگەی (1) وە (2)ی مادەی (204) کەوا ئاماژەی بە بەرپرسیاریەتی جێگر کردووە لەکاری دەڵاڵی ونێوەنگیری بەشێوەیەکی ئاشکرا، کەوا بەم شێوەیە هاتووە: (1. ئەگەر سەمسار کەسێکی تری کردە جێگر بۆ ئەنجامدانی ئەو کارەی کەوا پێی سپێردراوە بێ ئەوەی مۆڵەتی پێبدرێت ئەوە بەرپرسیار دەبێت لەکاری جێگرەکە وەك ئەوەی ئەو کردەوەیە لەلایەن خۆیەوە دەرچوو بێت، سەمسار وجیگرەکەی بەهاوبەشی گەرەنتی بەرپرسیاریەتیەکە دەکەن، 2. ئەگەر سەمسار ڕێگەی پێدرابێت لەهەڵبژاردنی جێگر بێ ئەوەی کەسە جێگرەکەی بۆ دیاری کرابێت، ئەوە سەمسار بەرپرسیار نابێت تەنها لەهەڵەی خۆی نەبێت لە هەڵبژاردنی جێگرەکەی یاخود لەهەڵەی خۆی سەبارەت بەو ڕێنماییەی کەوا بۆی دەرکردووە) (یاسای بازرگانی میسری : مادە (204)، 1999)، بەگوێرەی بڕگەی یەك وە بڕگەی دووی ئەم مادەیە سەمسار بەر پرسیار دەبێت لەکارو کردەوەی جێگرەکانی، پێمان وایە کەوا بنچینەی بەرپرسیاریەتی بەگوێرەی ئەم مادەیە دەگەڕێتەوە بۆ هەڵەی کەسی، کەئەمەشمان بەشێوەیەکی ڕوونتر لەبڕگەی دووەم بۆ ڕووندەبێتەوە لەبەر ئەوەی یاسادانەر بەشیوەیەکی ڕوون و ئاشکرا چەمکی هەڵەی خۆی بەکارهێناوە، کەوا مەبەست لەمەش دا هەڵەی کەسیە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 4-کۆتایی

پاش کۆتایی هاتنی توێژینەوەکەمان بەناونیشانی (گونجاندن و بنچینەی یاسایی بەرپرسیاریەتی شارستانی خاوەن پێشانگاکانی ئۆتۆمبێل) گەیشتین بە کۆمەڵێک دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیار، کە لە خوارەوە دەیانخەینە ڕوو:-

### 1.4 دەرەنجامەکان

1. پەیوەندی نێوان خاوەن پێشانگا وخاوەنی ئۆتۆمبێلەکان لەقۆناغی بەر لەئەنجامدانی گرێبەستەکانی فرۆشتن لەسەر بنچینەی گرێبەستی سپاردنە، وە بەرپرسیاریەتی خاوەن پێشانگەکانیش لەم قۆناغەدا بەشێوەیەکی سەرەکی بەرپرسیاریەتی گرێبەستیە بەگوێرەی یاسای عیراقی ویاسا بەراوردکاریەکان.
2. بنچینەی یاسایی بەرپرسیاریەتی شارستانی خاوەن پێشانگاکان بەر لەئەنجامدانی گرێبەستەکانی فرۆشتن دەگەڕێتەوە بۆ هەڵە، بەگوێرەی یاسای عیراقی وبەراوردکاریەکان.
3. خاوەن پێشانگاکان دەڵاڵ و نێوەنگیرن بەگوێرەی یاسای دەلالەی عیراقی وبەراوردکاریەکان، بەگوێرەی ئەمەش لەقۆناغی ئەنجامدانی گرێبەستەکانی فرۆشتن بەرپرسیاریەتیەکەیان گرێبەستیە.
4. بنچینەی یاسایی بەرپرسیاریەتی خاوەن پێشانگاکان سەبارەت بەکاری دەڵاڵی ونێوەنگیری دەگەڕێتەوە بۆ هەڵە بەگوێرەی یاسای عیراقی ویاسا بەراوردکاریەکان.
5. ئەو کارمەندانەی کەوا لەپێشانگاکان کاردەکەن بەگوێرەی ڕێساگشتییەکانی یاسای شارستانی عیراقی ویاسا بەراوردکاریەکان بەشوێنکەوتەی خاوەن پێشانگاکان دادەندرێن.
6. بەرپرسیاریەتی خاوەن پێشانگاکان سەبارەت بەکارو کردەوەی کارمەندەکان بەرپرسیاریەتی کەمتەرخەمیە بەگوێرەی یاسای شارستانی عیراق ومیسرى وئوردنی جگە لەکاری دەڵالی کەوا بەگوێرەی یاسای دەلالەی عیراقی ویاسای بازرگانی میسرى بەرپرسیاریەتی گرێبەستیە لەکردەوەی کەسانی تر، وەبنچینەی یاسایی بەرپرسیاریەتیەکەش بەگوێرەی یاسای شارستانی عیراقی ویاسابەراوردکاریەکان دەگەڕێتەوە بۆ هەڵە، بەڵام بەگوێرەی یاسای شارستانی عیراقی هەڵەی گریمانەییە کەوا دەتواندرێت پێچەوانەکەی بسەلمێندرێت، واتا پابەندیەکەی بەئامرازە، بەڵام

بەگوێرەی یاسای شارستانی میسڕی وئوردنی هەڵەی گریمانەییە کەوا ناتواندرێت پێچەوانەکەی بسەلمێندریت، وە پابەندیەکەش بەدەرئەنجامە، هەروەها سەبارەت بەکارەکانی دەلاڵی و نێوەنگیری، ئەگەر هاتوو کارمەندەکان ئەنجامیان دا ئەوە بەگوێرەی یاسای دەلالەی عیراقی ویاسای بازرگانی میسڕی بنچینەی یاسای بەر پرسیاریەتیەکە دەگەڕێتەوە بۆ هەڵەی کەسی.

### 4.2ڕاسپاردەو پێشنیارەکان

لە میانەی ئەم توێژینەوەیەدا چەند ڕاسپاردەیەکمان خستۆتە ڕوو بەهیوای ئەوەی کە یاسادانەری عێراقی و هەرێمی کوردستان پێی وەربگرن کە گرنگترینیان ئەمانەن:-

1. هەمووارکردنی مادەی (219)ـی یاسای شارستانی عیراقی ژمارە (40)ـی ساڵی (1951) دووبارە داڕشتنەوەی بەم شێوەیە (حکومەت وشارەوانیەکان ودامەزراوەکانیتر کەهەڵدەستن بەخزمەتگوزاری گشتی هەرکەسێك دامەزراوە پیشەسازی یان بازرگانیەکان بەکاربهێنێت بەرپرسە لەو زیانەی کەوا بەکارهێنانەکانی دەیدەن، ئەگەر زیانەکە بەهۆی کەوتنەوەی کردەوەیەکی ناڕەوابوو لەلایان لەکاتی هەڵسان بەخزمەتەکانیان).
2. لەبەر زۆربوونی بازرگانی کردن بەئوتومبێل وسپاردنیان لە پیشانگاکان وزۆر بوونی پێشێلکردنی پاپەندی ودەقە یاسایەکان، پێشنیار دەکەم کەوا یاسادانەری عیراق وهەرێمی کوردستان یاسایەکی تایبەت دابڕێژن بەبەرپرسیاریەتی شارستانی خاوەن پیشنگاکانی ئوتومبێل وکارەکانیان، بەهۆی ئەوەی دیاریکردنی بەرپرسیاریەتی لەم حاڵەتدا کارێکی ئاڵۆزە وهەمەچەشنە.

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم : کتێبە یاساییەکان

1. العرعاري ، د.عبدالقادر (بێ ساڵی چاپ ) مصادر الالتزامات، الكتاب الثانی، المسؤولية المدنيـة، الربـاط، مطبعة الكرامة.
2. ، محفوظ ، محمد ( بێ ساڵی چاپ ) النظرية العامة للالتزام، المسؤولية المدنية، بێ شوێنی چاپ.
3. سويلم، محمد احمد( 2009) مسؤولية الطبيب والجراح، ط1، الاسكندرية ، منشأة المعارف.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

4. الأحمد، محمد سليمان( 2002)  المدخل لدراسة الضمان، عمان، شركة الحامد.
5. عبدالرحمن، حمدى( 1999)  الوسيط فى النظرية العامة للالتزامات، العقد والارادة المنفردة، الجزء الأول، القاهرة، دار النهضة العربية.
6. السنهوري، عبدالرزاق احمد (2000) الوسيط فى شرح القانون المدني الجديد، العقود الواردة على العمل، ج 7، ط3، المجلد الأول، بيروت- لبنان، منشورات الحلبي الحقوقية.
7. سعيد، ليلى عبدالله  ( بێ ساڵی چاپ ) دراسات معمقة في عقد الوديعة المدنية، بەبێ شوێنی چاپ.
8. مدغش ،جمال و دحمان ،يحيى ( 2004) موسوعة شرح القانون المدني، ج 12، الزرقاء، دار انس.
9. عامر ،حسين و عامر، عبدالرحيم ( 1979) المسؤولية المدنية التقصيرية والعقدية، القاهره، دار المعارف.
10. سامى،فوزى محمد ( 2002)  شرح القانون التجارى، الجزء الأول، عمان ، دار الثقافة للنشر والتوزيع.
11. غصن، علي عصام  ( 2014) السمسرة، بيروت ، مطبعة المريم.
12. المياحي، فوزى كاظم( 2021)  القانون المدني العراقي فقها وقضاء، المسؤولية عن عمل الغير، المسؤولية عن الاشياء، الجزء السابع، بغداد، مطبعة السيماء.
13. الحكيم، عبدالمجيد  (1977) شرح القانون المدني، مصادر الالتزام، بغداد، مطبعة نديم.
14. القليوبى، سميحة ( 1992) شرح العقود التجاريه، القاهرة ، ط2، دار النهضة العربية.
15. طه ، مصطفى كمال ( 1971) الوجيز فى القانون التجاري، ج2، الاسكندرية، دار الجامعة الجديدة.
16. الرفاعى، محمد نصر( بێ ساڵی چاپ)  الضرر كأساس للمسؤوليه المدنية فى المجتمع المعاصر، الجزء التاسع، بيروت ، دار العربية للموسوعات.
17. الأحمد، محمد سليمان ( 2008) الخطأ وحقيقة اساس المسؤولية المدنية فى القانون العراقى، اربيل، مكتب التفسير للنشر والاعلان.
18. سلطان، د.انور  ( 1983) مصادر الالتزام، القاهره، دار النهضة العربية.
19. ذنون، حسن على ( 1970) اصول الالتزام، بغداد، مطبعة المعارف.
20. طه، جبار صابر ( 1984)  اقامة المسؤولية المدنية عن العمل غير المشروع على عنصر الضرر، الموصل، طبع بمطابع جامعة الموصل مديرية مطبعة الجامعة.
21. السرحان ،عدنان ابراهيم والخاطر ، د. نورى حمد ( 2021) شرح القانون المدني، مصادر الحقوق الشخصية، الالتزامات، عمان ، دار الثقافة للنشر والتوزيع.
22. الحكيم,عبدالمجيد و البكري,عبدالباقي و البشير, محمد  طه (2018) الوجيز في النظرية الألتزام في القانون المدني العراقي,ج1, بغداد, المكتبة القانونية.

**دووەم : نامەکانی ماستەر و دکتۆرا**


1. حاتم، بن حالة ( 2017-2018) المسؤوليه العقدية عن فعل الغير، ماستەر نامە، جزائير، جامعة الجزائر، بن يوسف بن خدة، كلية الحقوق.
2. ابو حسن، ربيع ناجح راجح ( 2008) مسؤولية المتبوع عن فعل تابعه في مشروع القانون المدني الفلسطيني، ماستەرنامە، فلسطين ،جامعة النجاح الوطنية.
3. نزال، احمد عكار ( 2018) التنظيم القانوني لعقد الدلالة في التشريع العراقى، عيراق ،ماستەرنامە، جامعة ذيقار.


**سێیەم : گۆڤارو جۆرنالی ئەکادیمی**


1. فائق، ليلان رشيد (2017) المسؤولية المدنية فى القانون، جزء من متطلبات الترقية من اصناف الادعاء العام، رئاسة الادعاء العام.
2. عبدالله الدباغ، تارا سعيد( 2020) المسؤولية المدنية عن مخاطر التطور التكنلوجي للجراحة التجميلية، توێژینەوەی بڵاوکراوە لە مجلة جامعة تكريت للحقوق، ژمارە 1، بەرگی 5.
3. المختار، يونس صلاح الدين ( 2017) مسؤولية المتبوع عن اعمال تابعه في القانون الانكليزي، توێژینەوەی بڵاوکراوە لە مجلة جامعة الشارقة للعلوم الشرعية والقانونية, بەرگی 14 ژمارە 2 .
4. الفرجاني،سامى مصطفى عمار ( 2015) المسؤولية العقدية عن فعل الغير, توێژینەوەی بڵاوکراوە لە مجلة العلوم القانونية والشرعية، كلية القانون، جامعة الزاوية، ژمارە 6.
5. احمد، السيد الشعيب ( 1983) المسؤولية المبنية على تحمل التبعة، توێژینەوەی بڵاوکراوە لە مجلة القانون المقارن، ژمارە 15.
6. الفتلاوي ،سلام عبدالزهرة و شاكر، انغام محمود(2019) ملاحظات على تنظيم القانون المدني العراقى للمسؤولية عن فعل الغير، توێژینەوەی بڵاوکراوە لە مجلة بابل للعلوم الانسانية، بەرگی 27، ژمارە 7.
7. حسين ، د. زبير مصطفى و عزيز،داستان محمد ( 2018) الاساس القانوني لمسؤولية القائم بالعمليات النفطية عن اعمال تابعة، توێژینەوەی بڵاوکراوە لە المجلة العلمية لجامعة جيهان، السليمانية، بەرگی 2، ژمارە 2


**چوارەم : بڕیاری دادگاکان**


1. بڕیاری دادگای پێداچونەوەی فیدڕالی ژمارە 613/ قەرەبوو / 2008 کە لەڕێکەوتی 2008/4/7 دەرچووە.

2. بڕیاری دادگای هەڵوەشانەوی (نقض) میسڕی، لەڕێکەوتی ( 1981 /4/29) دەرچووە.

**پێنجەم : یاساکان**

1. یاسای شارستانی عیراقی ژمارە (40)ـی ساڵی (1951) .
2. یاسای شارستانی میسڕی ژمارە (131)ـی ساڵی (1948).
3. یاسای شارستانی ئوردنی ژمارە (43)ـی ساڵی (1976).
4. یاسای دەلالەی عیراقی ژمارە (58)ـی ساڵی (1987).
5. یاسای بازرگانی میسڕی ژمارە (17)ـی ساڵی (1999).
6. یاسای بازرگانی ئوردنی ژمارە(12)ـی ساڵی (1996).

# Adaptation and the legal basis for the civil liability of car showroom owners

(Comparative analysis study)

**Assist. Prof. Dr. Tahsin Hamad Smael**
Department of Law, Faculty of Law, Political Science and Managemnet, Soran University, Soran, Kurdistan Region, Iraq
tahsin.smael@soran.edu.iq

**Abdullah Khairi Azeez**
Department of Law, Faculty of Law, Political Science and Managemnet, Soran University, Soran, Kurdistan Region, Iraq
aka850h@law.soran.edu.iq

***Keywords:*** *Adaptation, legal basis, civil liability, compensation, mediation.*

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## Abstract

Car showrooms are the places where cars are bought and sold, and these works are carried out by the showroom owners and their employees, and their work may be diverse, such as receiving and displaying cars and working as a mediator for the conclusion of sales and purchase contracts, where the procedures and responsibility differ in them.

The damage may occur while the car is in the showroom or a breach of the terms of the contracts in which it is concluded, whether the damage was caused by the owners of the showroom themselves or by its employees, and for that reason, the aim of this study was embodied in stating the legal adaptation of this responsibility in the light of the general rules of civil liability. In the Iraqi civil law and comparative laws such as the Egyptian civil law and the Jordanian civil law, as well as through the Iraqi law of significance and commercial laws for comparative laws, as well as determining the legal basis for this liability. To contain these topics, we divided the study into two sections. In the first section, we dealt with the legal conditioning of the liability of exhibition owners in two stages, the stage before and during the sale of cars, and the stage of establishing his responsibility for the work and actions of the exhibition workers.

In the second topic, we tried to determine the legal basis for this responsibility in both the pre-sale and during the sale phase, and concerning the work and actions of the two workers in it as well, and we concluded the study with our conclusions and recommendations.

# التكييف والأساس القانونيين للمسؤولية المدنية لأصحاب معارض السيارات (دراسة تحليلية مقارنة )

## ملخص البحث

معارض السيارات هي الأماكن التي يتم فيها بيع وشراء السيارات ، ويتم تنفيذ هذه الأعمال من قبل أصحاب المعارض والعاملين فيها ، واعمالهم قد تكون متنوعه كاستلام السيارات و عرضها والعمل كوسيط من اجل ابرام عقود البيع والشراء، حيث تختلف فيها الاجراءات والمسؤولية فيها.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وقد يقع الضرر اثناء تواجد السيارة في المعرض أو يحدث اخلال بنود العقود التي تبرم فيها، سواء صدر الضرر من قبل اصحاب المعرض انفسهم أم من قبل العاملين فيه، ولأجل ذلك تجسد الهدف من هذه الدراسة في بيان التكييف القانوني لهذه المسؤولية فى ضوء القواعد العامة للمسؤولية المدنية في القانون المدني العراقي والقوانين المقارنة مثل القانون المدني المصري والقانون المدني الأردني، وكذلك من خلال قانون الدلالة العراقي والقوانين التجارية للقوانين المقارنة، وكذلك تحديد الأساس القانوني لهذه المسؤولية. لأجل احتواء تلك المواضيع، قمنا بتقسيم الدراسة إلى مبحثَين ، في المبحث الأول تناولنا التكييف القانوني لمسؤولية أصحاب المعارض في مرحلتين، مرحلة قبل وأثناء بيع السيارات، ومرحلة قيام مسؤوليتهم عن عمل وتصرفات العاملين في المعارض.

وفي المبحث الثاني ، حاولنا تحديد الأساس القانوني لهذه المسؤولية في كل من مرحلة ما قبل البيع وأثناء مرحلة البيع، وفيما يتعلق بعمل وتصرفات العاملين فيها أيضاً ، وختمنا الدراسة بما توصلنا اليها من استنتاجات وما قدمناه في ضوءها من توصيات.